# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:
## دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لینین

بەشی سێهەم... ل11


ساڵی هەشتەم ژمارە (165) بەرواری 15-4-2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


وتەی ژمارە

## وەهم بە بەغدا، بەزیانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری!!

لەگەڵ هەڵکشانی رۆژ بەرۆژی تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، خۆشباوەری بە بەغدا و پرسی گەرانەوە بۆ بەغدا، لە نێو بەشیک لە خەڵکی کوردستان و تەنانەت لەناو هەندێک هیزی سیاسشدا، دەبیستریێت.



هۆکاری سەرەکی ئەوەی بەشیک لە خەڵکی کوردستان خۆزگەی گەرانەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەند و داواکاری مامەڵەی بەغدا لەگەڵ هەرێم بە وێنەی پاریزگاکانی عیراق بەدەستەوە دەگیرێت، لە بنەرەتەوە پەیوەندی بە کارنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە هەیە، کارنامەیەک لە لایەکەوە برسیێتی و هەژاری و دارمان ویران بوونی خزمەتگوزارییەکان و بەرینبوونەوەی بێکاری و دواکەوتنی و موچە و برینی موچە و لەلایەکی تریشەوە هیرشی بەردەوامی دەسەڵاتە بۆسەر کەشی نیوە کراوەی کوردستان و پەراویزە زۆر لاوازەکانی ئازادی و ئازادییەکان و هێرشە بۆسەر مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان و لەوەش زیاتر دیار نەبوونی ئاییندەی سیاسییە.

گومان لەوەدا نییە خەڵکی کریکار و نەداری کوردستان، مافی خۆیانە لە پیناو ژیان و گوزەرانی خۆیان و خانەوادەکانیان، بەدوای ژیانێکی باشترەو بن و بۆی تێبکۆشن. هۆکاری ئەوەی کە ژمارەیەک لە خەڵک کوردستان بەدوای گەرانەوە بۆ بەغدا یان چاوەروانی ئەوەن موچە و خزمەتگوازرییان زامن بێت، ئەوە دەزانن کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، فەرمانبەران موچە لەکاتی خۆیدا و بێ لێبرین وەردەگرن، کیشەی نەوت و غاز وسوتەمەنی و هاتوچۆ و ئاو و کارەبایان کەمترە، کە ئەوەش قورسایەکی گەورەی خستۆتە سەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان.

ئەو خواستەی هاولاتیان بۆ ژیانێکی باشتر و تەنانەت پەرەسەندنی وەهمی خەڵکی کوردستان بەوەی لەژیر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا ژیان و گوزەرانیان تا ڕادەیەک باشتر دەبێت و کەمێک لە قورسایی سەر شانیان کەم دەبێتەوە، بەر لەهەموو شتێک بەر لەوەی پەسەندی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بێت، رەتکردنەوەی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتییە، کە هیچ

بۆ لاپەڕە 2




## لە٢٦ هەمین ساڵیادی تیرۆری شاپور و قابیلدا... سەرشۆری و مەرگ بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستان...

٢٦ سالّ پێش ئێستا، ئێوە بەدەستی چەپەڵی باندیکی ئینسانکوژی ئیسلامی، تیرۆر کران. ئێوە بەدەستی قمێک تیرۆرکران، کە ژینگەی تیرۆرەکە لەلایەن دەسەڵاتی کوردی و بەتایبەتیش لەلایەن پارتیەوە، پاراو کرابوو... ئێوە ٢٦ ساڵە لێرە نین. ٢٦ ساڵە....

بۆ لاپەڕە 3

## تۆمەتبارانی جینوساید و ئەنفال بناسن!




تاوانەکانی رژێمی بەعس لەدژی خەڵکی ئازادیخواز و نارازی لە تەواوی عێراقدا لەکەس شاراوە نییە. کەم رژێم و سیستەمی سیاسی هەیە هیندەی بەعس درندەو سەرکوتگەر بووبێت... لەماوەی ٣٥ ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتدارێتیەکەیدا، هەرچی لەدەستی هاتووە، لە سەرکوت، زیندانی، ئیعدام، راگواستن، کیمیاباران، ئەنفال،... بۆ پاراستنی دەسەڵاتی تاقانەی خۆی و وەستانەوە بەرووی نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازیدا، بەدەستیەوە گرتووە. لەو نێوەدا...

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* تەنها گۆڕینی سیستەم دەتوانیت زەوی رزگار بکات........................................ل4
* هاوڕێ عەزیز شەیف وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە........................................ل5
* لە پێشوازی یەکی ئایاردا........................................................................ل6
* رێژەی کۆتایی ئافرەت و پێکهاتەکانی دیکە لە نێو پەرلەمان.............................ل9
* جەنگەکان جیاوازن.................................................................................ل10


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری کوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی"



هاوڕێ عەلی محەمەد ئەمین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە... ل12_13


پرسی ڕۆژ ل5

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7_8

## درێژەی وتەی ژمارە

دەرەتانێکی بۆ ژیان و گوزەرانی چینی کریکارو نەداری کوردستان نەهێشتۆتەوە.

بەڵام کێشەی سەرەکی وەهم بەدەسەڵاتی ناوەندی و بەغدا لەلایەن بەشێک لە خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەیە کە بەهۆی کارنامەی نەنگینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە، خەریکن ڕەوایەتی بەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی هیزە بۆرژوازییەکانی عیراق دەدەن، تا ڕادەی خواستی گەرانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بە دەسەڵاتی بەغدا و ناوەندی، ئەوە لە کاتێکدایە چ تاڵانچیتی و مافیایی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا نادات و چ کارنامەی دەسەڵاتی سیاسی لەناوەند هیچ ڕەوایەتیەک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد نادات.

ئەگەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هۆکاری سەرەکی بێدەرەتانی هەمەلایەنەیە بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک، و دەمێکە کەوتووەتە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوان و کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە بووەتە خواستێکی بەرینی جەماوەری، ئاواش دەسەڵاتی بۆژوازی عەرەب بە" سونی و شیعی، بە قەومی و ئیسلامی"یەکەیەوە... هۆکاری سەرەکی بێ دەرتانی و بێ بەشی چینی کرێکار و جەماوەری نەدارە و لە ناوەندیش دەمێکە کەوتۆتە بەردەم بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوانی جەماوەریی و ملیۆنییەوە، خۆپیشاندانە ملیۆنیەکانی شوباتی ٢٠١٩ گۆشەیەک لە ڕاچەنینی جەماوەری بوو بەدژی دزی و تاڵانی و گەندەڵی و بێ مافی و سەرکوتی سیاسی و دەسەڵاتی میلیشیاکان و نۆکەر پیشەییان بۆ وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە...

دابین بوونی موچە و زامن بوونی لانی کەمی سوتەمەنی، لە ناو دەریای نەوت و سامانی بێ ئەوپەڕ و داهاتی فرۆشی نەوتی خەیاڵیدا... لە عێراقدا دەستکەوتێک نییە بۆ خەڵکی بێبەشی عێراق، تا خەڵکی کوردستان خۆزگەی پێ بخوازێت... ئەو دەسەڵاتەی لە بەغدا بۆتە ملۆزمی سەر ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و جەماوەری نەداری عێراق، وەکو دەسەڵاتی دزانی سەدە دەناسرێت... ئاماری دزی سەدان ملیار دۆلاری کە داهات و قوتی جەماوەری نەداری عێراقە، بۆتە ناسنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا... بەم جۆرە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هیچ ڕەوایەتیەکیان نییە و هەردوو لایان سەراسەری عیراقیان کردۆتە مەیدانێک بۆ تاڵانی و دزی کەڵەکەی سەرمایەو نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی دەکەن و هیچ لایەکیان بایی سەرە دەرزیەک پیشکەوتنخواز نین و لە ئاست وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین خواستە زۆر زەوەندەکانی چینی کرێکار و جەماوەری نەدار نەک نین، بەڵکو لەسەر مژین و دزینی دەسترەنجی ماندوبوونی ئەوان و تاڵانی ئاشکراو سیستماتیکی داهاتی جەماوەری بیبەش، ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و بۆرژازی لە عێراقدا فەراهەم کردووە و لەبەرامبەردا دۆزەخێکی ئاشکرایان بۆ چینی کریکار و جەماوەری بیبەش خوڵقاندووە. دزی و تاڵانی و نەبوونی و بیکاری و گرانی و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان و نۆکەر پیشەیی ژێر پیخستنی ئیرادەی تاکەکان و کۆنەپەرستی...تاد بۆتە ناسنامەی ئاشکرای هەردوو دەسەڵات لە ناوەند و لە کوردستان. هەر ئەو دەسەڵاتەی لە ناوەند بەسەدان ئینسانی لە خۆپیشاندەران خەڵتانی خوین کرد کە داوای نان و ئازادی و شکۆ ئینسانیان دەکرد و بە هەزارانی برینداو دەستگیر و زیندانی کرد و بە گروپە میلیشیاکانیش دەیان ڕابەری بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان تیرۆر کرد، هاوشانی دەسەڵاتی بۆژوازی کوردە لە سەرکوتی نارازیان و خۆپیشاندەران و ڕاوەدونان و کە نموونەکانی لە ١٧ شوبات و ڕۆژانی دواتردا، بۆنەتە ناسنامەی درندەیی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد لە بەرامبەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەیدا...

خواست و خۆزگە خواستن یان خۆشباوەری بەوەی دەسەڵاتی ناوەندی ببیتە جێگای ئومید بۆ باشتر بوونی ژیانێکی باشتر و دەستراگەیشتن بەبەشیک لە داواکارییەکان، نەک هەر وەهمە، بەڵکو لەوەش زیاتر دەرگا بەرووی خەباتی جەماوەی خەڵکی کوردستان بەڕووی هەر ئاڵوگۆڕ و باشبونێکی بەرچاو بە خەباتی خۆیان دادەخات و گورزی سەرەکی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستاندا دەسرەوێنێت. جیا لەوەش دەبێتە هۆی خۆشباوەری بەخشین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی ڕەنگاو ڕەنگی بۆرژوازی عێراقدا.

ڕێگای زامن بوونی موچە و زیادکردنی بەپێی گرانی بازاڕ، دەستراگەیشتن بە سوتەمەنی، فەراهەم بوونی خزمەتگوزارییەکان و فراوانکردنەوەی پەراویزەکانی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و...تاد. گەرانەوەو خۆزگەخواستن بە گەڕانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بۆ ژیر دەسەڵاتی ناوەندی یان سیستەمی لامەرکەزی، نییە، بەڵکو لە هەنگاوی یەکەمدا بەندە بە بەرووبەرووبونەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و درێژەدانە بەخەباتی جەماوەری و ریکخرابوون تا ڕادەی دەرهێنانی ئەم کۆمەڵگەیە لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان. وە راکیشانی پشتیوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری عێراقە بۆ خواستەکانیان و لێکهەڵپێکانی خەباتیانە لەگەڵ یەکتری، و وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوا-ناسیونالیستی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی شوراییە...

تەنانەت نابێ بیرمان بچیت کە فیدراڵیزمی قەومی کە ڕێکەوتنی سیاسی نێوان بۆرژوازی کورد و عەرەبە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، هۆکاری ڕاستەوخۆی گرفتاربونی کوردستانە بەجۆرەها کێشە و گرفت... بۆیە بۆژوازی عیراقی نە هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان لەهیچ ئاستیکیدا نییە، بەڵکو پشتیوان و دەست لەناو دەستی بۆرژازی کوردە بەدژی خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان، بۆیە هەر چەشنە خۆشباوەرییەک بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا، لەلایەکەوە ڕەوایەتیدانە بەدەسەڵاتی تا سەرمۆخ کۆنەپەست و دژە ئینسانی بۆرژوازی عیراقی و هاوکات گورزێکی گەورە لە هاوخەباتی نیوان خەڵکی بێبەشی عیراق و کوردستان دەدات و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریش لە کوردستاندا، زیانبار دەکات. بەهێزکردنی گیانی هاوخەباتی و هاوپشتی چینی کرێکاری کوردستان لەگەڵ چینی کرێکار لە عێراق و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئەو ڕیگا دروست وکارسازەیە کە دەتوانێت هەم داواو داخوازییە دەستبەجی و ڕۆژانەیەکانی دابسەپێنێت و هەم پرۆسەی ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و هێز و دەسەڵات و هێزە قەومی و دینییەکان، لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی شۆرشگێڕانەدا بباتە پێشەوە.

عەبدوڵا مەحمود

## له بۆپێشەوەوە

❂ بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

❂ بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

❂ بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

❂ درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

❂ ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

کێشەی سەرەکی وەهم بەدەسەڵاتی ناوەندی و بەغدا لەلایەن بەشێك لە خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەیە کە بەهۆی کارنامەی نەنگینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە، خەریکن ڕەوایەتی بەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی هیزە بۆرژوازییەکانی عیراق دەدەن، تا ڕادەی خواستی گەرانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بە دەسەڵاتی بەغدا و ناوەندی، ئەوە لە کاتێکدایە چ تاڵانچیتی و مافیایی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا نادات و چ کارنامەی دەسەڵاتی سیاسی لەناوەند هیچ ڕەوایەتیەك بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد نادات.

## درێژەی: لە٢٦ هەمین ساڵیادی تیرۆری شاپور و قابیلدا... سەرشۆری و مەرگ بۆ

ئێوە لەناو ئاپۆرەی جەماوەرییدا نابینرێن. ئێوە لەگەڵ بێ خانەولانەکان، دەرناکەون. لە ناو ئاوارەکان و ژیانی ئاوارەییدا، لەپاڵ نارەزایەتی بەرینی سەدان هەزار ئاوارەدا، ئێوە نین. ئاکسیۆنە ئایارییەکان دین و دەڕۆن، ئێوە رێکخەرو رێنوێنی ناکەن، وتار بێژانی ئایارەکان و رابەرانی کرێکاریی، لە توانای ئێوە بێبەشن. وتە و پەیامەکانتان، ئێوە پێشکەشی ناکەن. ئێوە لەهوڵی میدیاکانی کوردستاندا لەریزی پێشەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستانی ئیسلامی، ناخەنە لەرزە و پیلانە چەپەڵەکانیان، لەقاو نادەن. ئێوە لە هەولێر و دیانە، بازیان و راپەرین، سلێمانی و.. لە کۆبونەوەی رابەرانی کرێکاریی و جەماوەریدا، بەشداری ناکەن. هەڕەشەی شەڕی ناوخۆیی و جەنگی دەسەڵاتی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، هەمیشە کابوسێکی ئامادەیەو ئێوە لێرە نین تا لەریزی پێشەوەی نەفرەتخوازانی شەر بڵێن نا. ئێوە لە ناو خێڵی فراوانی هەژاران و بێکاراندا، نەخشە دارێژەر نین. ئێوە لە نەفرەتی جەماوەری دژی بێ موچەیی و پاشەکەوتی موچەدا، دەنگتان نایەت. ئێوە لە کۆبونەوە حزبیەکان و یادی پێکهاتنی ئەم حزبەدا، مینبەر بەدەست نین. ئێوە لە راسانی ١٧ شوباتەکاندا، ئامادەنین. ئێوەو نموونەکانی وەکو ئێوە، ترسی سەر پارێزگاری هەولێرو دیانەو... نین. هەموو ئەمانە ئەو بۆشاییەیە کە ئێوە بە رۆشتنتان، لەدوای خۆتان جێتان هێشتووە. ئەگەر کەسانێک دەپرسن کوان کۆمۆنیستەکان؟ زوربەیان بەداوی شەهامەتی لێبراوانەی شاپورو قابیلەکاندا وێڵن. حزب و بزوتنەوەو کۆمۆنیزمی بێ شاپورو قابیلەکان، لاوازیەکی حاشاهەڵنەگری دوای ئەوانە. کام لەو بزوتنەوانە لە بزوتنەوەی دژی بێکارییەوە بۆ نارەزایەتی بەدژی بێخانەو لانەییدا، تا دەگاتە ئوردی ئاوارەیی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، دەتوانن راستی نەبوونی ئەوان نادیدە بگرن. لە نەفرەتی دژی شەری چەکداری دەسەڵاتەوە، بۆ بزوتنەوەی دژی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی، تا دەگاتە بزوتنەوە پێشکەوتنخوازیەکانی کۆمەڵگاو بزوتنەوەی دژی دەسەڵاتی تالانچی ومافیایی میلیشیایی بۆرژوازی کورد... هەموویان جێگای خاڵی و رۆڵی رابەری ئەوانی تیایدا. ونە. رۆشتنی ناوادەی ئێوە بەدەستێکی چەپەڵی ئیسلامی و مەلایانی فوتێکراوی کرێگرتەی دەسەڵات، ئازارێکە و کۆتایی نایەت، بەڵام هێشتا هیواو خولیای هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کرێکاران و ژنان و لاوان و ئینسان دۆستی و ژیان دۆستی، هیواو خولیایەکە کە شاپور و قابیل بۆی تێکۆشان و لەو رێگایەشدا، گیانیان بەخشی. تا ئەوکاتەش دنیای نابەرابەرو زاڵمانەی سەرمایەداری، بوونی هەبێت، ئەو تیکۆشان و خولیاو ئارەزووە ئینسانیەی شاپورو قابیل بۆ دنیای ئازادی و بەرابەری وخۆشبەختی بە زیندووی دەمێنێتەوە. بەرزو بەرێزە یادی خەباتکارانەتان...

## درێژەی: تۆمەتبارانی جینوساید و ئەنفال بناسن!

قوربانیانی دەستی ئەم رژێمە بە سەدان هەزار ئینسانن، لەنێو ئەو قوربانیانەی دەستی بەعس و هاوشیوەکانیدا لەعێراق و کوردستاندا، تاوانی سەرکوت و ئیعدام، ئەنفال و کیمیاباران و راگواستن و بۆمباباران، بەرجەستەترین تاوانن کەدژی خەڵکی عیراق و بەتایبەیش دژی بەخەڵکی کوردستان ئەنجامی داون... تاوانەکانی بەعس بەجۆرێکە، کە کەم خێران هەیە قوربانیەک تان چەند کەسێکی نەبووبێتە قوربانی دەستی ئەم رژێمە نەگریسەی سەرمایەداری.... لەو نێوەدا بەجیا لە قوربانیانی ململانێ و نیوان هیزە سیاسییە بۆرژوازییە عێراقی و کوردیەکان لەگەڵ بەعس، هاوکات ژمارەیەکی یەکجار وەکو سەرۆک "جاشەکان"!!، مەفرزە خاسەکان، فەوجەکان و دەیان سەدان سیخور و چاوساغ و ئەمن و ئیستخبارات هەن، زۆر بەشدار و هاوکاری بەعسیان کردووە لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا و تۆمەتبارن. بەدوای کەوتنی رژێمی بەعسدا، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق فەرمانی بۆ دەستگیکردنی ئەو سەدان کەسە دەرکردووە کە تۆمەتباران، کەچی بەشی هەرەزۆریان نەک نەدراونەتە دادگاو لیپرسینەوەی یاسایی، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان خانەنشین کراون، رەوانەی دەرەوەی وڵات کراون و هاوکاریان کراوە، لە ریزی حزبەکاندا بەرپرسیاریەتیان دراوەتی...تاد. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لێبوردنی بۆیان دەرکردووە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە کەس و کاریان قوربانیان لێیان خۆش بووبن، یان بەمانای ئەوە نایەت کە لەلێپرسینەوەی یاسایی نایانگرێتەوە، بۆیە هەموو ئەوانەی تۆمەتبارن پیویستە لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێن.

ئەمانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە، ئەو سەدان موستەشار و سەرۆک جاشانە!!ی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

ئیستا کاتی ئەوە هاتووە، کەکەسوکاری قوربانیانی دەستی ئەم تۆمەتبارانە و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دادوەران و هەموو ئەو ئینسانانەی بەدوای داد و بەرگری لە یاسا دەکەن، گوشاری گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی دروست بکەن بۆ پەلکیشکردنی تۆمەتباران بۆ بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی...

ناوەکان:

1.محمد كريم شوش زێبارى

2.خورشيد أسعد رسول

3.خچر عبدالله حسين

4.خالد شيخۆ مراد

5.خالد قاسم محمدأمين

6.حمود عمر صالح تاج الدين ميرنى

7.حلمى سعيد قادر محمد جاف

8.حسين خچر حمد

9.حسين حمه فتاح قادر

10.نامق رقيب سورچى

11.عاصف احمد زيبارى

12.عبدالكريم محمد سليم شوش زيبارى

13.عبدالله كاك امير(عەبە کەرکوکی)

14.عبدالله حسن صالح بابان

15.عدنان عبدالله نجم الجاف

16.اسماعيل محمود رسول ئاغە پشدرى

17.اسماعيل عزيز ئاغە زنگەنە

18.أحمد بيجۆ

19.أحمد جبار جبارى

20.محمد جوهر گۆران

21.كمال محمد حيدر(كمال شمه)

22.كمال حمه مام سورانى

23.كامران أحمد(كامران سور)

24.محمد شێخ عبدالكريم برزنجى

25.عمر حاجى بادينان

26.على لوت ماسى

27.عمر خچر حمد سورچى

28.فۆاد كريم بايز هموند

29.فارس محمد قادر عزيز سورچى

30.عادل توفيق رشيد

31.عبدالله حسن صالح

32.جلال محمد عبدالرحمن هلالى

33.جلال شيخ نجم الدين كريم

34.جلال أسعد رچا چەرمەگايى

35.گركيس حميد حيدر

36.جاسم محمد فارس محمد

37.گيب محمد عيمان (شێخ گيب)

38.عمر محمود محمد ماموى

39.محمد صادق محمد شوانى

40.عمر محمد حيدر

41.عمر مردخان جليله

42.على أورحمان أسعد

43.على أحمد محمد هارونى

44.عونى حاجى مصگفى جبرائيل

45.على عبوش عبدى غزاله

46.على سليمان حسين

47.على أحمد حاجى شعبان

48.شيخ برهان

49.شيخ جلال صالەيى

50.شيخ سعاد تاله بانى

51.شيخ روناك

52.عمر حمه رستم

53.كامل شيخ هادى

54.عمر حاجى صالح

55.عبدالمجيد حسين اسماعيل شيخكى

56.ملا حسن روغزايى

57.شيخ كريم شيخ شهاب

58.سيد مجنون

59.شامل درويش

60.حمەى حاجى حسين

61.جبار موسى قرەهەنجيرى(جيهاد)

62.جعفر عبدالكريم برزنجى

63.جمال حسين دوزيى

64.چيا سورچى

65.حجاج عبدالغفور خالد دوبەردانى

66.حسن محمود بگ امين هوارى

67.حسيب محمد نجم جبارى

68.مامند حمد مولود

69.محمد على رسول

70.محمود حمه رسول ا□غا

71.نوزاد انور بيتواته

72.مام يحى(كويه)

73.أسعد سليم حاجى ئاغا

74.أحمد كويخا رجب

75.أحمد صوفى اسماعيل صالح

76.حمه بوخجى

77.ميرزا حسن

78.أنور حسو

79.محمد كاوانى

80.عمر حسن(عمر عرب)


81.سيد قدرت

82.عمر صوفى

83.صلاح شينه

84.عمر اغا

بۆ لاپەڕە 14



# تەنها گۆڕینی سیستەم دەتوانێت زەوی ڕزگار بکات!

بۆ ڕزگارکردنی زەوی پێویستە سەرمایەداری بڕوخێنین. چونکەئەوە سەرمایەداریە خەریکە زەوی دەکوژێت. لە شوێنی ئەو سیستمێکی جیاوازمان پێویستە – سیستمێک کە پێویستی مرۆڤ بخاتە سەرووی کێبڕکێ و قازانج و تەماحەوە. هەر بۆیە گۆڕینی سیستم نەک گۆڕینی کەشوهەوا داواکارییەکی چارەنووسسازە بۆ جیهان. لە ژێر سیستمی سۆشیالیستیدا دەتوانین بڕیار بدەین کە چیمان پێویستە و چۆنی بەرهەم بهێنین وە چۆنیش سەرچاوەکانمان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ژینگەدا ڕێکبخەین. سیستمی نوێش ڕزگارمان دەکات لەو بەفیڕۆدان و کێبڕکێیەی کە لە هەموو ئاستێکی سیستمی ئێستادا هەیە. بەڵام لابردنی سیستمی ئێستا و گۆڕینی بە سیستمێکی جیاواز کارێکی ئاسان نییە. گۆڕینی سیستم پێویستی بە ڕێکخستن و هەوڵێکی کۆمەڵایەتی بەکۆمەڵ هەیە لە خوارەوە – شۆڕش. وەک کارل مارکس دەڵێت، تەنیا لە شۆڕشێکدا چینی کرێکار "خۆی لە هەموو گڵ و پۆپی سەردەمەکان" ڕزگار دەکات و دەبێتە "شایستە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگە سەرلەنوێ." سەرنجی چینی دەسەڵاتدار هەمیشە لەسەر قازانجە و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. بۆیە تەنها چاکسازی لەو سیستمەی تێیدا دەژین کافی نییە بۆ هێنانە کایەی سیستمێک کە نەک بۆ قازانج بەڵکو بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی مرۆڤ ڕێکبخرێ. ئارگومێنتێکی تریش دەڵێ لەبەر ئەوەی چینی دەسەڵاتداریش لەسەر زەوی دەژی بە دڵنیاییەوە بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەیە لە وەستاندنی کوشتنی زەوی. بەڵام سەرمایەداری سیستمێکی ئاژاوەگێڕ و دژبەیەکە. نەبوونی پلاندانانی ناوەندێتی مانای ئەوەیە سەرمایەداران تەبا نین و پێکەوە کۆنابنەوە – دەوڵەتەکان و سەرمایەداران هەموویان لە کێبڕکێدان لەگەڵ یەکتردا. وەک مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا نووسیویەتی، شۆڕشێک "تێکەڵبوونی کشتوکاڵ لەگەڵ پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنان؛ هەڵوەشاندنەوەی وردە وردە هەموو جیاکارییەکانی نێوان شار و وڵات بە دابەشکردنی یەکسانتری دانیشتووان بەسەر وڵاتدا". ئەمەش بەو مانایەیە کە گۆڕینی سیستم تاکە چارەسەرە بۆ چاککردن و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە کە ئەوەندە بەهۆی سەرمایەدارییەوە تێکچووە و خراپ بووە. بە شێوەیەکی واقیعی ڕووخاندنی سەرمایەداری بە تەنیا لە شەوێکدا کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست ناکات. کۆمەڵگەی نوێ دوای شۆڕشێکی سەرکەوتوو، چەندین لایەنی سیستمی کۆن بە میرات بۆ دەمێنێتەوە و ناچارە ڕووبەڕووی هەڕەشەی دژە شۆڕشەکان ببێتەوە. وە هیچ نەخشەیەک ئامادەکراو بۆ جیهانێکی نوێی سۆشیالیستی نییە و ئەو فۆرمەی کە دەیگرێتەبەر تەنها بۆ ئەو کەسانە دەزانرێت کە دروستی دەکەن.

پێویستە کارێکی زۆر بکرێت بۆ دیزاینکردنەوەی شارەکانمان، تۆڕەکانی گواستنەوە، پیشەسازییەکان، بەرهەمهێنانی خۆراک و سیستەمی دابەشکردن. پێویستە خەبات بکەین بۆ جیهانێکی تەواو جیاواز. ئەو جیهانە مومکینە – و زیاتر پەلەیە لە کاتێکدا سەرمایەداری بەردەوامە لە بردنمان بەرەو ئاژاوە و بەربەرییەت .

**لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی**

**توانا محەمەد نوری**

**پارتی دەزانێت، بەدوای سەپاندنی یاسای نەوت و گازو لێسەندنەوەی کورسی کۆتاکان و چەند بازنەیی لە دەسەڵاتی پارتی کەمدەبێتەوەو لە هەڵبژاردندا ئەو جێگاوڕێگایەی نابێت، بۆیە گەمەیەکی سیاسی دەکات بۆ مانەوەی بۆ دەورەیەکی تر وەك هێزی یەکەم لەکوردستان. ئەگەرچی ئەو هێزەی لەعێراقدا هەیبووە چۆتە دواوە، بەپێی هەلومەرجی ناوچەکە دەبێت خۆیان لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵ و یاساکانیدا سازبدەنەوە، بەڵام دەیەوێت رکەبەرەکانی لە کوردستان بەدەرەجە دوویی بهێڵێتەوە، بەڵام یەکێتی لەولاوە لەگەڵ بڕیارەکانی حکومەوتی ناوەندو دادگای باڵادایە، هەتا ئەگەر بەزیانی خۆیشی بێت، تەنها ئەوەیان بۆ گرنگە لوتی پارتی بشکێنن و وەك هێزی سەرەکی ساحەی کوردستان پاشەکشەی پێ بکەن.....**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## ساڵڕۆژی دەستبەکاربوونی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی... بەڕێز بەڕێز (عەزیز شەریف) هەڵسوڕاوی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی و بەرپرسی تۆڕی هاوکاری لە ئەڵمانیا. وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەی داوەتەوە...

تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی ٤ ساڵ بەرلەئێستا لەناوشەپۆلی نائومێدی لەژیان بەرامبەر پەتای کۆڤید دەستبەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند. لەماوەی ئەو ٤ ساڵە دەستی بۆ زۆر کون و کەلەبەری کۆمەکی ئینسانی برد. بەوبۆنەوە وێڕای



پیرۆزبایی لەهەڵسوڕاوانی ناوتۆڕەکان وهەمووئەوانەی بەپێی توانا بەشداریان کردووە لەبەردەوامیدان، لەگەڵ یەکێک لەهەڵسوڕاواندا گفتوگۆدەکەین...

سەرەتا بەسڵاو بۆ خوێنەرانی گۆشەکەتان دەست پێدەکەم.

**پرسی ڕۆژ: سەرەتای ئەو چوارساڵەتان چۆن دەستپێکرد وئێستا لەکوێن، مەبەستم تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتییە؟**

**عەزیز شەریف:** لەهەموو ئەوئینسانەی بەدرێژایی ٤ ساڵ بەخۆبەخشانە لەژیانی خۆیان بەم پرۆژە ئینسانیە بەخشی پیرۆزبایی دەڵێم، و مافی خۆتانە شانازی بەکار و کردوەیەکەوە بکەن کەلەو ٤ ساڵەدا کردوتانە. وشەی خۆبەخش و هاوکاری و هەرەوەزی؛ وەشەگەلێک بوون بیسترابوون بەڵام بەکەمی هەست بەماناکانیان دەکرا.

ئێمە بەکردوە نیشانماندا مانای ئەم وشانە چین! دەڵێم ئێمە بەرلەچوار ساڵ لەسەرەتای کۆڤیددا کەشەپۆلی ترس لەمردن هەموو خەڵکی لەکونجی ماڵەکانی خۆیدا بەند دەکرد، بەڵام ئێمە بەپێچەوانەوەی خۆخزاندنە نێو ماڵەکانمانەوە لەترسی پەتای کۆرۆنا بڕیارماندا بۆ بەهاناوەچوونی بەرکەوتوانی پەتای کۆرۆنا، و هەموو ئەو ئینسانانەی بەهۆی (زۆری تەمەن یان پەککەوتەیی و نەخۆشی) وەوە دەبوایە لەکونجی ماڵەکانیان خۆیان حەشاربدەن، ئێمە دەبوو بڕۆینە دەرەوە و وەڵام بەپێداویستیەکانی ڕۆژانەی ئەوان بدەینەوە! وەکو وتم ئێمە هاتینە دەرەوە و ژمارەمان لەپەنجەکانی دەستەوە بەرز بویەوە بۆ ژمارەی زۆری تۆڕەکان لە کەندا و ئوستڕالیاو بەشی زۆری وڵاتانی ئەوروپا (بەریتانیا، سویسرا، ئەڵمانیا ، هۆڵندا، دانیمارک، سوئید، نەرویج وفینلاند) پێکهاتن. دەبێت ئەمەش بڵێم کە لەم سەرەتایەدا بەپشتیوانی کۆمەڵێک دکتۆری شارەزا لەبەریتانیا وکەنەدا وسوید وئوستورالیا وئەمەریکا...تاد) و پسپۆڕ کەپشتیوانیان لە کاری تۆڕەکانی ئێمە دەکرد و هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا لەسەر خەت بوون و زانیاریان بە ئێمە دەدا و ئێمەش دەمان گواستەوە بۆ خەڵک، تەنانەت ڕێنوێنی ڕاستەوخۆی خەڵکیان دەکرد لەڕێگەی بڵاوکرادنەوەی ژمارە تەلەفۆنەکانیان لەتۆڕی کۆمەڵایەتیەوە. لەسەردەمێکی دیارکراودا لەکوردستان پەتای کۆرۆنا هەزاران ئینسانی کرێکار و دەستفرۆش کەنانی سەرسفرەکانیان ڕۆژانە پەیدایان دەکرد بەهۆی سیاسەتی کەرەنتینەکردنەوە خزێنرانە کونجی ماڵەکانیان، ئێمەش مەیدانی کارمان گواستەوە بۆ ساحەی کوردستانی ئێراق ولە شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و کۆیە و سۆران و ڕانیە و کەلار و کفری و هەڵەبجە و کەڵەکچی تۆڕەکانی ناوخۆی کوردستان یەک لەدوای یەک دروست بوون و لەیەکەمین هەنگاومان دابینکردنی خۆراکدا بوو. بەدابینکردنی سەبەتەی خۆراک وشیر بۆ منداڵی ساوا وجلوبەرگ ودابینکردنی پێداویستی پزیشکی لە دەمامک ودەستکێشەوە تادەگاتە پەیداکردنی ئۆکسجین بۆ نەخۆشخانەکان بوو. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا لەڕێی کۆمەڵێک دکتۆر و کارمەندی تەندروستیەوە وەک لەسەرەتاوە وتم تیمی تۆڕەکانی ئێمە لەنێو بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکاندا دەگەڕان و ئەو زانیاری و خزمەتگوزاریە تەندروستیانەیان دەگەیاندە خەڵک. تابەئەمڕۆش دەگات خزمەتگوزاری (تەندروستی) مان بۆسەدان وهەزاران کەس دابینکردوە وبەردەوامیشین.

**پرسی ڕۆژ: لەماوەی ئەم چوارساڵەدا بەشێوەکارتان وبەرنامەکانتان وجۆری کارەکانتاندا؛ توانیتان چ پەیامێکی جیاوازتر لە ڕێکخراوە جەماوەری وکۆمەڵگەی مەدەنیەکان بدەن بەگوێی کۆمەڵگە وبیخەنە بەرچاویان، کامەن ئەوسونەتانە؟**

**عەزیز شەریف:** سەبارەت بە پرسیاری دووهەمتان؛ دەبێت بڵێم ئێمە بە ئامانجێکی بەرزی ئینسانیەوە دەستمان بەم کارەکرد و ئەو سونەتانەی ئێمەش لە کاری ڕۆژانەی

> **ئێمە بە ئامانجێکی بەرزی ئینسانیەوە دەستمان بەم کارەکرد و ئەو سونەتانەی ئێمەش لە کاری ڕۆژانەی تۆڕەکانماندا کارمان پێکردوە بە بڕوایەکی قوڵمان بە (هاوکاری و هاوپشتی و هەرەوەزی) بووە و بەو سونەتەشمان شکۆی بەرزی ئینسانمان پاراستوە و ئەم گیانەمان کردوە بەبەری هەموو کارەکانماندا.**

تۆڕەکانماندا کارمان پێکردوە بە بڕوایەکی قوڵمان بە (هاوکاری و هاوپشتی و هەرەوەزی) بووە و بەو سونەتەشمان شکۆی بەرزی ئینسانمان پاراستوە و ئەم گیانەمان کردوە بەبەری هەموو کارەکانماندا. تەنانەت ئەم سونەتانەی ئێمە لەسەر کەسانیتر وڕێکخراوەکانی تریش دەور وکاریگەری داناوە وبەجۆرێک لەجۆرەکان ئێستا بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی تر خۆپارێزی دەکەن لەوەی سیمای ئەو کەسانە نیشان بدەن کە کۆمەکیان پێدەکەن. لەلایەکیتر ئێمە بەم کارەمان سونەتی سواڵ سەدەقە وخەڵکی هەژار هێنانە بەر شاشەمان تێکشکاند.

یەکێکیتر لەو سونەتانەی ئێمە لە تۆڕی هاوکاری




کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا پیادەمان کردوە کارکردن بووە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی وهاوبەش ولەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەکو ڕێکخراوی کرێکاری ومنداڵان وکلتوری وکاری هاوبەشمان لەگەڵیان کردوە ولەبوارەکانی ئەوانیشدا ئێمە خزمەتگوزاریمان پێشکەش کردوە. ئەمەش جۆرێک لەسونەتی کۆمەڵایەتی لەئاستی کۆمەڵگادا پەرەپێداوە کە هەم ئەوان وهەم ئێمەش سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین وهەم نزیکایەتی زۆر لەنێوانماندا دروست ببێت بەجۆرێک ئەوانمان بەم گیانی (هاوکاری وهاوپشتی وهەرەوەزی) ە بارگاوی کردوە.

ئێمە لەئێستاد لەهەموو کوچەو کۆڵانێکی هەژارنشینەکانداین تا گەشتۆتە (ئاوایی دێی حەمە) لەسنوری هەڵەبجە لەوێش تیمی تەندروستی ئێمە خزمەتگوزاری بەخەڵکی کەم دەرامەت و بێ تەندروستی پێشکەش کردوە. لەقوتابخانەکانین ودەورەی هاوینە بۆ منداڵان دەکەینەوە، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری نێو کۆمەڵگەداین وبۆمنداڵان ڤیستیڤاڵی هونەی وێنەکێشان ومۆسیقا وگۆرانی ڕێک دەخەین. لەگەڵ کرێکارانی ژینگەپارێزین لە (ڕانیە وبازیان وخۆرماڵ) سەبەتەی خۆراک و تەندروستی و جلوبەرگیان بۆ دابین دەکەین. لەنێو منداڵانی دۆمەکانی دەڤەری ڕاپەڕینین وتیمی حەلاقەکانی تۆڕی ڕانیە سەری منداڵەکانیان چاک دەکات. لە ئەورووپاوە جلوبەرگ ویاری بۆ منداڵان دەنێرینەوە، کۆکردنەوەی جلوبەرگمان لەناوخۆی کوردستانیش کردۆتە سونەت. پڕۆژەی خەیاتی وکۆمیتە و دەورەی حەلاقی بۆ ژنان و پیاوان دەکەینەوە. هەلی کار دەڕەخسێنین. گیانی هاوکاری و هەرەوەزی لەنێو کۆمەڵگەدا بەهێز دەکەین. نانی سەرسفرەکانی خۆمان لەتەک هاوبەشەکانمان بەش کرد وئێستا خەڵکێکی زۆر لەگەڵ ئێمە هەمان سونەت جێبەجێ دەکات. ئێمە هاتین لەباتی خۆنمایشکردنی وخۆ بەپاڵەوان نیشاندانی تاکەکەسی، وەک گیانێکی هاوبەش ڕۆحی لەپاڵ یەک وەستان و هاوکاری و هەرەوەزی کۆمەڵایەتیمان کردە کاری کردەنی. ئێمە لێرە ولەهەموو شوێنێکین کە هەژاری هەبێت. ئێمە بۆ ئێستا وبۆ ئایندەش پڕۆژەمان هەیە وبەنیازین کۆبوونەی گشتی تۆڕەکان بگرین.....

# له پێشوازی یەکی ئایاردا

یەکی ئایار رۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کرێکار، رۆژی نەفرەت لە نیزامی هارودڕندە و چاوچنۆکی سەرمایەداری.. بەڕێوەیە. رابەران و هەڵسوراوان و رێکخراو و یەکێتییە کرێکارییەکان، حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە تەواوی دنیادا لەپێشوازی ئایاردان. ئایاری ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتدا بەڕێوەدەچێت... لە هەلومەرجێکدا، کە سەرمایەداری نەک تەنها لەرێگای بەتاڵانبرنی هێزی کاری چینی کریکارەوە، نەک تەنها لە رێگای مژینی هێزو توانای ملیاردەها ئینسانەوە، بەڵکو هاوکات لە رێگای جەنگی راستەوخۆی و ناراستەوخۆ، لەرێگای دیموکراسی و دیکتاتۆرییەوە، بێ شەرمانە گۆی زەوی کردۆتە پارچەیەک لە جەنگ و نائارامی... و کردویەتی بە هەسارەیەکی ئاوس لە ململانێ و قوتبەکان و بلۆکەکان و دەوڵەتەکان. دنیای کردۆتە گۆڕەپانی و دووبەرکی و کێبەرکێی قەومی و دینی و مەزهەبی و تایفی و رەگەزی... کردویەتی بە بازارێک کەبە جەنگ و بە ئاشتییە روکەشەکەیەوە، نەک تەنها خولیاو خەون و ئارەزووەکانی ئینسان، بەڵکو خودی ئینسانەکانەکانیش لە کورەیەکی گەرمی چاوچنۆکیدا دەکاتە قەرەبروت. ژینگەی زۆربەی ئینسانەکانی هەر پێنج کیشوەکەی دنیای نەک هەرکردوە بە شوێنی رمبازێنی و جەنگ و کێبەرکێی چەکی وێرانکەر، بەڵکو خودی ژینگەشی کردوتە ژەهری، ژەهراوی کردنی ئینسانەکان و بونەوەرە هەناسەدەرەکان...

ئەمرۆ ئاماری قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار، برسیان و بیکاران و بێسەر پەنایانی کرێکار، تا دەگاتە قوربانیانی جەنگ و بۆمبارانەکان... ئامارێکی ترسناکی بێوێنەن لە مێژووی تائیستای بەشەریدا. دنیا نوقمی سامانە، و ئۆردی بی داهات و سامانیش دنیای نوقمی خۆی کردووە. توانایی و داهینانی ئینسان، بە تیژرەویەکی سەرسورهێنەرەوە دەئاژوێت... کەچی بە هەمان تیژرەوی و خێرایەوە، بیکاری و گرانی و نابەرابەری، دەرواتە پێشەوە. زۆر لەسەروی چاوەروانی ئینسانەوە، خزمەتگوازری هەمەلایەنی تەندروستی و تەفیهی و پەروەردەیی بۆ هەموان ئیمکانی هەیە، کەچی نەک بەملیۆنان ئینسان ویڵی ئەو خزمەتگوازیانەن، بەڵکو بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی رابردووش، کەمتر دەکرێنەوەو دەبنە قوربانی قازانج پەرستی و کەڵەکەی سەرمایە. ژمارەیەی سەرمایەدارەکان و مۆلتی ملیاردێرەکان هەڵدەکشێت، و لە بەرامبەردا ئۆردوی نەداران و بێبەشان و هەژاران... نەک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دواکەوتوو، بەڵکو لە ناوجەرگەی ئەمریکاو ئەوروپادا، بە وێنەی کۆشک و باڵەخانە هەور برەکان، هەڵدەکشێن. توانای بیناسازی و فیرکردن و پزیشکی... سەرسام ئاوارە، کەچی بێخانەو لانەیی و ئۆردی بێ سەرپەناکان و ژیان لەسەر شەقام و ناو میتیرۆ و ژیر پرد و سێبەری باڵەخانەکان و کەلاوەکان و ناو کارتۆن و خەوی سەفەری... فراوانترو فراوانتر دەبێت. ئاماری هەڵاتوان و ئاوارەکانی دەستی جەنگ، بەدەیان ملیۆن ئینسانە... ژمارەی ئەوانەی توانای فیربوونیان لێدەسەندرێتەوە، بەرینتر دەبێتەوە، نەخۆشییەکان و پەرینەوەو تەنینەوەیان... جەستەی ملیۆنەها ئینسانی هەڵتەکاندوە... بانگەشەی دیموکراسی هەدا نادات و قوبانیانی دیموکراسی هێندە زیادی کردووە، بەراورد بە قوربانیانی سیستەمە دیکتاتۆرە چنگ و بەخوێن و قەومی و دینییەکان، ناکرێت... دیموکراسی و سیستەمە بەناوکراوەکەی لەم سەردەمەدا بە ملیۆنەها ئینسان دەکاتە کردەی بەناو دیموکراسی. تەماشاکەن... جەنگ و ئابلۆقەی ئابوری و، جەنگی بە وەکالەت و راستەوخۆ... هەموو لەلایەن سەرانی دەوڵەتەکانی لانکی دیموکراسیەوە، ئاراستە دەکرێن و پشتیوانی لە رژێمە تێر نەبوو لە خوێن و کوشتار و سەرکوتەکان... لە لەلایەن ئەو جەنابانەی دیموکراسیەوە، دەکرێن و سەرپۆشی قازانج پەرستی سەرمایە تاوانە دڵهەژێن و جەرگبرەکان دەشارێتەوە. تاڵیبان و ئوسامەکان، داعش و هاوشێوەکانی، لەلایەن کاراکتەرە سیاسی و دەوڵەتە سەرمایەدارە دیموکراسیەکانەوە دروستکراون کە بەسەدان هەزار ئینسانیان قەسابی کردووە، بە بیانوی جەنگیش دژ بەو غولە خوێنرێژنەی ئیسلام... لەلایەن هەمان جەنابانی دیموکراسی و سەرمایەدارییەوە، بەسەدان هەزار ئینسانی تر، قەسابی دەکرێن و بەشێکی بەرینی دنیاش بۆتە مەڵبەندێکی نائارام و ناسەقامگیر و تەنانەت ناجیگیر. ستەمی سەر ژنان و هەڵاوردنیان، توندوتیژی و بیمافیان... هیشتا شەرماوەرترین دیاردەی دنیای دیموکراسی و سەرمایەدارییە... کاری منالان و هەڵوشینی شیلەی جەستەیان و کوشتنی خەونی رەنگاڵەییان، لە مەیدانەکانی کاری سود پەرستیدا، ریسوایەکی تری سیستەمی گەنیوو گەندەڵی سەرمایەدارییە...

ئەم بەربەریەتەی سەرمایەداری... دنیای تەنیوەتەوە. لەو نێوەدا عێراق و




کوردستانیش بەشێکە لەو جەهەنەمەی سەرمایەداری بۆ چینی کرێکارو خەڵکی ستەم دیدەو بێبەشی خولقاندووە. لە عێراق کوردستاندا جگە لەجەنگ و کوشتار و هەڵاواردنی فەرمی لەژێر ناوی فیدرالیزمی قەومی و دینی تایفیدا، وەبەجیا لە چەوساندنەوەی چینایەتی و بێبەشی هەمەلایەنەی چینی کرێکار لەسەرەتایترین مافەکانی، هاوکات ناسنامەی چینایەتیشی، لە ژێر ناوی بەفەرمانبەرکردندا لێسەندراوەتەوە، کە یاسای سەردەمی بەعسە.

لەکوردستاندا چینی کرێکار... وەکو بەشێک لەو چینە جیهانیەی دنیا... لەهەلومەرجی تەواو نائینسانی و نائەمن و نەخوازرواوادا راگیراوە.. چینی کریکاری کوردستان جگە لە کرێی کەم و نائەمنی شوینی کارو و بیمافی و نەبوونی بیمەکان و سەختی کار... جگە لە بێکاری و فراوان و هەڵاواردن لە ژێر ناوی ژن و پیاو، کریکاری خۆیی و بیانی، کرێکارانی لەسەر کارو بێکار... تەنانەت بەشێکی بەرینی ئەو چینە لە کەرتی گشتی و حکومیدا!! ئەو موچەیەشی پێنادرێت کەبەشێکە لەمافی خۆی، بەڵکو لێی دەدزرێت و لەلایەن کۆمپانیا سیاسی بازرگانی و حزبی و ناحزبیدا، حەپەلوش دەکرێت، یان دوای دەخەن.

لەیەک رستەدا، قوربانیانی هەموو ئەو بەربەریەتەی سەرمایەداری، چینی کرێکار و خانەوادەکانیانە لەسەراسەری دنیادا، بێ گوێدانە ناسنامەی دەوڵەت و وڵاتی و بی گویدانە پێناسی قەوم و دین و رەنگی پیست و دوور و نزیکیان لەیەکتریەوە...

بۆیە یەکی ئایار... رۆژی نەفرەتی ئەو چینە سەراسەری و جیهانیەیە، کە کۆمەڵگە لەسەر شانی ئەو دەچەرخێت، بەدژی ئەو نیزامەی کە دنیای کردۆتە دۆزەخ بۆ چینی کرێکار... یەکی ئایاری هەموو ساڵێک رۆژی ناوتن و رەتکردنەوەی ستەم و بێمافی هەزار سەری سەرمایەدارییە لەلایەن چینی کرێکارەوە... رۆژی نەفرەت و تورەیی چینێکە، کە ئەگەر رێکخراو و یەکگرتوو بێت، ئەگەر دەست بداتە راگرتنی چەرخەکانی بەرهەم هینان، دنیای سەرەوخواری ئیستا، رادەگرێت و هەڵدەگێرێتەوە.

یەکی ئایار ئەگەر بۆ هەموو چینی کریکار... لەسەراسەری دنیادا هەڵگری پەیامێکی هاوبەشی جیهانی بێت دژی نیزامی سەرمایەداری... ئەوا تایبەتمەندی ستەمی تایبەتی هەر وڵات و دەوڵەت و جغرافیایەک، بەدژی ستەم و بێمافییە تایبەتیەکانی هەرکام لەو وڵات و دەوڵەتانە... بەشیکە لەهەمان پەیامی سەراسەری چینی کریکار بە رووی سەرمایەداریدا... چینی کریکار لە کوردستاندا وەکو بەشیک لە ئۆردووە جیهانیەی چینی کرێکار... پێویستە لە یەکی ئایاردا، یەکگرتوانەو رێکخراو بێنە مەیدان... چەرخەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی کەڵەکەی داهات... لە شوێنی کاریاندا رابگرن. شوێنی کارو سەکۆ کۆبونەوەی ئاکسیۆنە ئایارییەکان بکەنە شوینێک بۆ نیشاندانی توانایی خەباتکارانەو گۆرەپانێک بۆ بریاردان لەسەر ریکخراوبوون و پیکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان و بەیانی داواو داخوازییە رەواکانیان. لە زیادکردنی موچەوە، بۆ بە هەمیشەیی کردنی کاری گرێ بەست، بیمەی بیمەی بێکاری شیاو بۆ بێکاران و هێنانی یاسای کاری پێشرەوی کرێکاریی کە سەرجەم ماف و داخوازییەکانی چینی کرێکار، لەخۆ بگریت...

یەکی کرێکار... رۆژێکی تایبەتە کە دەتوانێت ئاست و توانایی چینی کریکار و ئاستی رێکخراوبوونی ئەو چینە نیشان بدات، یان بکاتە شوێنێک بۆ بریاردان و رێکخراوبوون و هینانە گۆڕی داواو داخوازییەکانیان...

رابەران و هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیستی چینی کریکار و رێکخراوەکانی ئەو چینە، پێویستە هاوکات لەگەڵ هاوچینەکانیان لە دنیادا، لە ئێستاوە خۆیان بۆ پێشوازی لەیەکی ئایار ئامادە بکەن و یەکی ئایار بکەنە رۆژێک بۆ رۆژی ناوتنی گشتی و رێکخراو و رۆژێک بۆهێنانە مەیدانی داخوازییە سەرەکی و مافە پایماڵکراوەکانیان...

**بژی یەکی ئایار... رۆژی نەفرەت و نارەزایەتی بەدژی نیزامی سەرمایەداری....**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕێبوار حەمە شەریف**



## ئێمە بەحورمەتین و تەمەنمان هەڵکشاوەو کەس نایەتە داوامان .وەرنە داوامان ..!

### نووسینی: خاتوو ئەرخوان عومەر

پـێـوەر لە ڕسـتـەداو لەنـاو جەوهەرە ئەقڵانیەکاندا...!

زۆرجار هەندێ نووسین ئەو تیئورییە بەهێزەیە کە دەکرێ هێندە شۆڕبێتەوە مەگەر لەڕێـگەی دەهـا پەڕتـووکەوە بەشێوەیەکی ورد وئاقڵانە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفە ئاساوە، کە بتوانین مژار بۆ خوێندنەوەیان بکەین. وە پرسیاری هەمە چەند لایەنە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت. یان زۆرجار داتاشینی وشەو ڕستەیەک کە دەگوترێت... لە ڕووی هزرییەوە هێندە بەرز داڕێژراوە کە دەکرێت... بەنووسینێک بخرێتە چوارچێوەیەکەوە و ببێتە سەردێڕی تایتڵی سینایۆیەک، تا ئازارەکانی ڕۆژانە بەر نیگامان بکەوێت و بەئاگامان بهێنێتەوە لەنـابـوتـی و دواکەوتـن لە ڕەوتە بێئاگاییەکانمادا، کە لە ژیانی ئێستاماندا درکی پێ بکەین کە کۆمەڵگەیەک "چەندە بەجێماوە لە ڕەوتی ژیاندا. کە ئەوەش، بە تایبەت لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا کە بە دەست (نێر سالاری) یەوە دەناڵێنێت، وە کە دەکرێت ناوزەد بکرێت بە نەخۆشیەکانی سێکسواڵیتیەوە کە خەمی گەورەی ناوگەڵ و هۆش و شەهوەتە.

هەر بۆیە زۆرجار لە هەندێ نووسین و تەنزە زەق و بەهێزەکاندا هەندێ وشەو ڕستە دەبنە تیرو توانج تا سنوری مەودای پێکان نیشانەکە ئەشکێنێت و بۆ بەئاگا هـێـنـانەوەی هـۆش و خەوی قـوڵـی گەمژەگەری... کە نەخۆشییەکی سامناکە و دوچاری کۆمەڵگە نا هۆشیارەکان دەبێتەوە و دەستە و ئەژنۆ لەسەر لاشەی زەلیل و داماوی فەلەج بووی خۆی کاریگەریی دادەنێت .

ئەوەی دەمانەوێت کە لێرەدا جێگەی شرۆڤەو شیکارو ڕەخنەیەکی پاڵپشتی بێت بۆ درێژەپێدانی مەدای نووسینەکەی (خاتوو ئەرخەوان )ە کە مەبەستمانە بەسەر پێوە ڕابوەستێت و باسەکەی زیندە بەچاڵ نەکرێت. کە ماوەیەک بەر لە ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویکردبویەوە، لەبەر گرینگی بابەتەکەی وە بۆ ئەوەی بە زیندویی بمێنێتەوە وەلێرەدا... وا بڕیارمان داوە وا پێویست ئەکات زیاتر شرۆڤە بکرێت و گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی زیاتری بۆ بکەین، تا ئەگاتە ئاستی کەناری هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو کۆمەڵگە، کە پێمان وایە وەک گرێییەکی شێرپەنجەیی وایە کە ناوەوەی سینەو مێشک پوتی هەندێ لە نەخۆشەکانی کۆمەڵگەی تاکی کوردی تەنیوە، دەکرێت خۆ ئێمەش"وەک پیاوان" هەڵوێستەیەکمان هەبێت لەوبارەوە، چونکە پەیامەکە بۆ ئێمەی پیاوانە بۆ ئەوەی قوڵ بەقوڵی ئەو هەموو تەنزەدا بکەین و لەگەڵ ئەم کوێرەوەریەی ناو کۆمەڵگەدا کە بەشێک لە ئێمەی پیاوانیش بەدەستییەوە ئەناڵێنێ دەکرێت بۆ چارەسەرێک بگەڕێین .

سەرەتا:

من لێرەوە... بە دەستپێکی هەر دێڕو ڕستەیەک لە تەنزەکانی (خاتوو ئەرخەوان)، دەهێنمەوە بە نمونەو بەدوایدا وردە شیکارو ئامانجی ڕستەکەی لە وتندا وەدەردەخەم .

بۆنمونە: خاتوو ئەرخەوان، لە دەستپێکی نووسینەکەیدا وا دەڵێت :

وەرنە داوامان !

ئێمە"بەحورمەتین و تەمەنمان" هەڵکشاوە وکەس نایەتە داوامان" !

من لێرەوە:

وەک پیاو یان وەک مرۆڤێک خێرا پرسیارێک بەرۆکی هزرم دەگرێت و لەخۆم دەپرسم؟ بۆچی و مەبەستی لەم پرسیارە سەرسوڕێنەر و داواخوازییە چییەو بەکێ دەڵێت؟ کە لەم دەرگای حورمەتەوە دێتە ناو ژووری پرسیارەوە و بۆچی خاتوونان بۆ بەهەڵکشاوی تەمەن مەزندە دەکات؟ کە لە نوسینەکەیدا هاتوەو ئەڵێت:( مەکتەب



ونوسینگەمان هەیە لەم شارە ٤٠ مامۆستا وفەرمانبەری هەیە ، ٢٧ یان قەیرەن و٤٠ ساڵ لە تەمەنی تێپەریوەو کەس نایەتە داوایان...)

دیارە مەبەستی خاتوو ئەرخەوان ئەوەیە دەیەوێت بەرەو پرسیاری هەژێنەرترو قوڵترمان بەرێت تا لە کەناری گۆمە مەنگەکەدا کە داماڵینی هەموو ئەو ڕێساو پەت لەملکردنەیە کەژیانی تاک گەرایەتی و سواغدانی بەکلتورکردنە، کە ژنان یان خاتوونانی کۆمەڵگەکەی خستۆتە ژێر ترسناکترین پرسیاری مرۆڤ بوون و حساب نەکردنی ژن وەک مرۆڤێک لەناو گەمارۆی ئەقڵی پیاو سالارانەدا، یان بابڵێین نیرینەی دەست ڕۆشتوو بەسەر بوون و موڵکییەت کردنی ژن کە بڕوایان وایە ژنان وەک کەل وپەلی ناوماڵ موڵکی پیاوەو دەبێت لەخزمەتی ئەودا بێت تەنانەت ئەگەر فرەژنیش بێت!.

دەکرێت لەوێوە دیسان باس لە حورمەت و پاپەندبوون بە حەیاو کەرامەتی ژن وەک ئەوە پێناس بکات کە بێگەردن و دەستیان بۆ نەبراوە، گەر هەر کەسێک لە خواستیاندا بێت ئەتوانی ئەم بوونی ژنە وەک چکلێتێک لە کاغەزەکەیدا وەربگرێت بێئەوەی بەر دەمی هیچ باو بۆران و بەرهیچ زەوییەک نەکەوتبێت، بە کوردییەکەی دەڵێت: ئێمە هێشتا کچین و پەردەی کچێنیمان نەدڕاوە، لە کاتێکدا، بوونی ئەوان ڕەمزی گەورەیی سروشتە.

لەوە سەیرتر ئەوەیە دیاردەی نووسینەگەی ژن فرۆشتن بە نمونەی خانووبەرە فرشتن دێت.. وەک ئەرزەو ماڵ کڕین، کە دەکرێت لەوێوە بمان "کڕن و تاپۆدارمان بکەن" لەسـەرخـۆتـان، ئەمە وادەکـات کە، بمانگەڕێنێتەوە بۆ ترسناکترین سەردەمەکانی جاهیلیەت کە لە بازاڕەکانی (عەکاز) دا مامەڵە بە خوان و سنگ و لاشەی بەفرین و لیاقە و چاو برۆو ڕووخسارەوە کە لە کۆندا باشترین نرخیان لەسەر ڕەنگ و لەشولار بۆ پیاوانی شەهوەت بازەکاندا داناوە، دەنا بۆ هەر لەوێوە سەر دەکێشێت بۆ ژمارەی ساڵ و جوداکردنەوە تەمەنەکان و نرخ دانان لە سەر لەشولاریان.

لە لایەکی ترە و بەرۆکی ئەو داڕمان و زۆر بوونەی خاتوونان وەک پیشەی مامۆستاو فەرمانبەران دیسان دەهێنێتەوە بەنمونەیی کە هەن و بەپێی چەشنەکانیان ئەتوانرێ گوڵبژێر بکرێن و دەست بخەیتە ناو تورەکەی شانسەوە تا وەک بیتاقەیەک بۆت دەردەچێت .

ژنێکی قەیرە یان جوان و شۆخ و شەنگە یا ئەوەتا دیسان هەر پیاوەکە ئەتوانێت دەستبکاتەوە بە تورەکەکەدا ئەگەر خواستی لەسەر نەبێت بەوەش هەندێ لە ژنان وەک کاڵایەکی مەسرەف نەبوو ئەمێنێتەوە کە لەم بازاڕی کڕین و فرۆشتنەدا زەرەرمەندی یەکەم هەر ژنانن.

کەواتە: با لێرەدا بپرسین؟

خاتوو ئەرخەوان، کە دەیەوێت وەک ژنێک و بەناوی کۆی ژنانەوە ئەم بوێری و ڕووماڵین و پەردەلادانە لەسەر ئەم هەموو بە کۆیلەکردنەی ژن و بەسوک سەیرکردنە لەلایەن پیاوانی پیاو سالارەوە و لەگەڵ ئەوەشدا داپۆسڵینی نەبوونی ڕێساو ڕێزگرتن لە بەهای ژن و مانەوەیان بەم ژمارەو پۆست و جێگەیەی ناو کۆمەڵگە، کە وەک بوونی ژن، گلەییەکان ئاڕاستەی کێ دەکات و کێ ئەخاتە بەر تەرازوی دادو یاسا و بەرپرسیاریەتی یەوە.

لە وڵاتێکدا کە کوڕ و کچ ناتوانن بەڕەسمی یان غەیرە ڕەسمی پێکەوە بژین، تا ئەم مەترسی و سوکایەتیە بە بوونی مرۆڤ بکرێت بە تایبەت لە دیدگای کۆمەڵگەوە و یاسایەک دژی نەوەستێتەوە، سەختە کە مـۆری قەیـرەیـی وبـێـوەژنـی بە ڕووخساریانەوە دەنرێت لە کاتێکدا وەک کاڵا حساب بۆ ئینسان دەکرێت ناوو ناتۆرەی دەستی دوو بەتایبەت لە ژنان دەنرێت، مانەوەی ئەم ناوو ناتۆرەیە دەبێت جێگەی شورەیی و نەنگی بێت لە کۆمەلگەیەکی مەدەنیدا.

بۆ ئەوەی لەڕەگەوە شۆڕبینەوە بۆ ناو کەم و کورتییەکان و ئەو کلتورو فەرهەنگەی پشتیوانی لەم نایەکسانییە دەکات هەڵوەشێنینەوە ئەم شرۆڤەیە دەبێت درێژەی پێ بدرێت ڕێگر بین لەشکاندنی قودوسیەتی تاک وەک ژن لە ڕووی سایکۆلۆژییەتەوە، چونکە ئەم نەریتە دواکەوتوە لە ئایندەدا کارەساتێکی دەروونی لەسەر هەر خێزانێک لەو کۆمەڵگەدا دادەنێت ئەگەر لە ئێستەوە کاری لەسەر نەکەین.

**شرۆڤەی: ڕێبوار حەمە شەریف**

ماویەتی



## خەمێکی تری سەرسەری

### شەماڵ بارەوانی

**وەرە با سنوورەکانی ئەو هەسارەیە بیڕین**
**و**
**لە فۆرمێکی تر گەمەی عیشق دەست پێبکەینەوە**

**وەرە با ڕەهەندەکانی ئەو گەردوونە**
**هەڵبوەشێنینەوە و**
**کراسی وەرزێکی تر بپۆشین**

**وەرە با منداڵ منداڵ بیینەوە و**
**بڕۆینەوە سەر نەسەبی گریانێکی بێعار**

**وەرە با دەست لە ناکۆکییەکان هەڵگرین و**
**لە ڕوانگەیەکی شاعیرانەوە تێکەڵ بە**
**فەزای بوون بیینەوە**

**من نامەوێ چیتر لە سەردابی زەمەنێکی**
**پووچدا سەوڵی سەرگەردانی لێبدەم و**
**لە تخووبی پەرێزی بیابانێکی بێ مانادا**
**کراسی خۆشباوەڕی لەسەر تەنافی گەمژەیی**
**هەڵخەم**

**نامەوێ دووبارە دەست لەگەڵ کاروانی**
**فرمێسك تێکەڵ بکەمەوە و**
**بڕۆمەوە ناو بۆتەقەی خەمێکی تری**
**سەرسەری**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



## بۆهاوڕێ و ماموستای کۆچ کردووم (عەلی زەندی)

تۆ بڵێی
لورەی ئەم بایە
جارِی مەرگی کێ بدات
..............................
...
دوای تۆ
مەرگ چەند کراسێکی جوانە
لەبەرما
..............................
.....
دەمامکی مەرگ
لەسەر دەم و چاوی
ژیانمانە
هەڵفرین
هیوایەتی
هەموو روژ و
شەوانمانە
..............................
خوزگە دەیانتوانی
خەمەکانیشم
وێنا کردبان
..............................
هەموو روژێ
ژیان
لەسەر کۆلی مەرگ دادەنێم
بۆ پاروویيە نان
بە مەرگ دەڵێم
بە خوا بلێ
ئەم ژیانە هەر پێشکەش بەخۆت
..............................
کاتیك کە ڕویشت
هیچ کات
نەگەڕایەوە
ئای چەندە لە کۆچی

باڵندەکانی پاییز دەچوو
..............................
مەرگ و
ژیان
چەندە هۆگری یەکترن
بەردەوام!
لە یەك
چاو دەتروکێنن
..............................
مەرگ و
ژیان
ئەوەندە لە یەك ئەچن
کە جورئەت ناکەم بژیم
..............................
.....
شەو رەش پۆشی ئەستێرەیەکە
کە بە تاقی ئاسمانەوە
هەڵپڕوکاوە
..............................
پەپوولەیەك!
لەسەر شانەکانی نیشت و
ئەوکات هەڵفڕی
..............................
کاتی وایە ژیان
تۆپێکی فووتباڵە
کە فەقەت ئەبێ ؛
کایەی پێ بکەی
..............................
کاتێ رۆیشتی
پەنجەرەی تەنیایی ماڵەکەم
سواخ ریژ کرد
تاکوو هیچ کات
بەرەو کۆڵانی بەهار نەکرێتەوە
..............................

چ قەرەباڵغییەکی تەنیاییە
ئەم جیهانە
خۆزگا
کۆچمان کردبا
بۆ هەسارەیەکی تر
..............................
....
کراسی ژیان
تەنیا و تەنیا
بۆ بەری من
بچووك بوو
..............................
ئاە...!
دونیا جێگەی حەسانەوە نییە
من تە قینەوەی باخچەی گوڵم
لە خەونمدا
بینیوە
..............................
خۆزگە
خەمەکانیشمان
وەکو هەڵوەرینی
گەڵاکانی پاییز بوایە
کە هەڵووەری
ئیترهیچ کات نەگەڕابایەوە
بە بەژن و باڵای دەرخت
..............................
ئەوەندە نەژیاوم
ژیانم
لە بیرچۆتەوە
هەربۆیە
هەرکات ڕووبەرووی یەك ئەبین
ڕوو لە یەك وەردەگێڕین
..............................

زۆر دەمرین
کەم دەژین
هەر بۆیە
پەپوولەی تەمەنمان
هەر لە گورستان
دەسووڕێتەوە
............ ..............
ویستم
پێکەنین بکەم
بە ملی هەتاوەوە
هەورێکی رەش
هاتوو
ئاسمانی نیگاکانمی
داگیر کرد
..............................
....
هاوین
مناڵیمان دەباتە
بەر سێبەر
وە شنەبایەکی فێنك
هاورێیەتیمان
باوەشێن دەکا
..............................
کاتی وایە
لە پرسەی خومدا
دائەنیشم
ئەدەمە پڕمەی گریان
ئەرێ تۆ بڵێیت:
کەس بە مەرگی من
باوەڕ بکات
لەم قەرەبالغیەی گۆڕستان



## هۆنراوەی شاعیر بەندی عەلی

من لە مێژە گومانم هەس
زەوی پێچەوانەی سووڕ
موعتادی خۆی بخولێتەوە !
ئەگەر نا چۆن مێژوو بەرەو
شەوانی ئاگرو ئەشکەوت
دیسان خلۆر دەبێتەوە !
..............................
رێچکەی هەموو شێوەکانی
پەرستن دەچنەوە سەر یەك
ئاوی تراویلکەی گومان !
گومانی بوون لە نەبووندا
گومانی سێبەر لە جەستەوە
گومانی مان لەدوای نەمان

هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تیکۆشان و خولیاکانیان بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری راستەقینە دژی دۆخی باوە!



# ڕیژەی کۆتای ئافرەت و پێکهاتەکانی دیکە لەنێو پەرلەمان!

وەک ئاشکرایە ریژەی ئافرەت لە پەرلەمانی عیراق دا ٢٥٪ یە لە وڵاتێکی وەک ئەردەن ١٠٪ یە بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان ٣٠٪ یە، هەرچەند ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە، خوشک ودایک و خوشەویستی نیوەکەی دیکەیە، دەبێ رۆژێک لە رۆژان پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بگاتە ئەو ئاستەی بەهیچ شیوەیەک باسی ریژەی کۆتا نەکری، یان بەواتایەکی تر ریژەی کۆتا چارەی رادیکالانەی کێشەی یەکسانی ئافرەت ناکا، لێرەدا ئەم بابەتە لە روانگەی دەروونشناسی فیزیاوی یەوە تیشکی دەخەینە سەر، بۆ نموونە زانایەک وەک ئیڤان پافلوف زانایەکی فسیولۆژی بوو، سەرەتا تایبەتمەند بوو بە دەمارەکانی پەنکەریاس کە چۆن مروڤ وەک یەکەیەکی بایلۆجی لە رووی سەیرکردن و بۆن کردنەوە، هورمۆنی تایبەتی دەرئەدا، بیگومان ئافرەت و پیاو لەرووی کیمی و فیزیاوییەوە یەکتر تەواو دەکەن و بەڵانسی یەکتر ڕادەگرن! ویڕای ئەوەش یەکسانی پیاو وئافرەت و هاوسەنگی نێوانیان لەنێو سیستەمی ماتماتیکی و زانستی سروشت ڕەگی داکوتاوە، بۆ نموونە مانگ نیرینەیە لەکاتیکدا خۆر مییەنەیە، ئاسمان نیرینەیە زەوی مییەنەیە، ڕاستە ئەستیرەکان لەرووی زانستی موگناتیسی و فیزیکییەوە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو بە دەوری یەکتردا دەسوڕێنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی میتافوری لەسەر بنەمای عشقێکی ئیلاهی بەرێوە دەچن، عیشق لەنێوان رەگەزی نێرومێ، عیشقی خیزانی لە نێوان ئەندامانی خێزانیک، عیشقی ئیلاهی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان، لە نێوان دەسەڵاتەڕەنگاوڕەنگەکان، تەنانەت یادەوەری زیندووی سروشت بەدرێژایی میژوو، چیرۆکەکانی عەشقی جاویدانی نێوان ئافرەت و پیاو لە مێشکی کەڵە نووسەرانی کۆپی کردووە وەک شکسپیر لە چێروکی رومیو جولێت دا یان ئەحمەدی خانی لە چیروکی مەم و زین، بێگومان لەبەر ئەوەی سروشت هەڵگری جەمسەری پوزەتیڤ و نەگەتیڤە کە دوو جەمسەری ناکۆکن، لێرەدا چەمکی خودا وەک پەپولەیەکە بە دوو باڵ بفرێ باڵێکی خوشەویستی و باڵێکی دیکەی شەرەنگیزی!

ئەو چیرۆکانەی باسم کردن چیرۆکی خوشەویستی ناکامن بە واتایەکی دیکە قارەمانەکانی نەگەیشتوون بە یەک، لە ئاکام دا کارەساتی خویناوی لیکەوتووتەوە، تکایە بروانە بۆ شانۆگەری هاملیت بریتی یە لە تابلۆیەک لە کوشتارگای مرۆڤاکان، ئەگەر بروامان بە چیروکە ئاینیەکەی ئادەم و حەو هەبێ ئەوا قابیل، هابیلی برای کوشتووە، لێرەدا ئەگەر بڵێن چەمکی خودا بەرجەستەی سروشتە یان وەک فروید دەڵی دریژکراوی دەسەڵاتی باوکە کە هەڵگری هەردوو جەمسەری خوشەویستی و شەرەنگیزی یە، لە قورائانیش دا دەڵی خودا ئادەمی لە شێوەی خۆی دروست کردووە، ئەمەش خولیای مادییە لە ئاینی ئیسلام دا! کەواتە سەرەتا شەرەنگیزی و خوشەویستی سەرچاوەکەی لە نێو سروشت دایە دوایی پەیتا پەیتا لە ریگای کوپی کردن نێوان یادەوەری سروشت و یادەوەری مروڤەوە گوازراوەتەوە بروانە نامەکانی ژیر زەمینی دیستوفسکی و پەرتووکی سوور لای یونگ کە ئەوە دەردەخا مروڤ پڕە لە رق و کینە، بابگەڕێنەوە سەر ریژەی کۆتا لە نێو پەرلەمان کە پیویستی بەیەکەی بایلوجی هاوسەنگ و ئاقڵە، بۆ نموونە ئەگەر پیاوان بە تەنیا بن ریژەی ئەگرەسیڤ و شەرەنگیزی لای پیاوان سەر ئەکا بۆ ٧٥٪ لەبەرانبەردا ئەگەر ژنانیش بەتەنیا بن ریژەی شەرەئەنگیزیان زۆر دەبێ لە ئاکام دا ئەم بارە سروشتی ناگونجی لەگەڵ (احداثیاتی) فیزیاوی شوێنیکی موقەدەس وەک پەرلەمان کەواتە پەرلەمان وەک شوێنی یاسادانانی موقەدەس دەبێت خەڵکانێک یان نوێنەرانێ خەلک بە شێوەیەکی هاوسەنگ و ئاقڵ و نیوتراڵ لەژێر چەتری دا بن! بۆ هاوسەنگی ئەم حاڵەتە دەبێ ریژەی ئافرەتان و پیاوان بەرانبەر یەک بن تا لە رووی کیمی و فیزیاوی یەوە کە بۆن و سەیرکردن دەگریتەوە کار لە یەک بکەن و هاوسەنگی تەواو لە نێوان یەکە بایلوجیەکان بە نێرو مێ بێتەکایەوە، لە هەمان کاتدا ئافرەت و پیاو لە شوێنیکی وا دا بەرجەستەی خوشەویستی جاویدانی نێوان مروڤەکانە بەتایبەتی نێوان رەگەزی نێرومێ، ئێمە لێرەدا باس لە حاڵەتی کیمی و فیزیاوی دەکەین باسی (احداثیاتی) پەرلەمان ئەکەین وەک حاڵەتێکی فیزیکی کە باکگراوندیکی زانستی و ماتماتیکی هەیە کە پەیوەستە بە ڕایەڵەکانی ئەلکترومگناتیسیەوە لە نێوان یادەوەریەکانی دەسەڵات و یادەوەری کۆمەڵگە (لێرەدا من باس لە پەرلەمان و دەسەڵات و کومەڵگەی ئەستاندار ئەکەم) من تەزکیەی هیچ پەرلەمان و دەسەڵات و کومەڵگەیەکی دیاریکراو ناکەم! من لێرەدا بەشێوەیەکی ئەبستراک باسی شوێن وزەمەن و دەسەڵاتی موقەدەس دەکەم وەک فیگەریک لە نێو فیگەرەکانی دەسەڵاتی کەونی و گەردوونی دا کە لەسەر بنەمایەکی ڕاستگۆو ڕاستەقینە و روون و ترانسپارینت بەرێوە چووە دەچێ و کایەی یادەوەری لە نێوان دەسەڵات و ئەندامانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەیامی کۆمەڵایەتی کە ژان ژاک رۆسو لە نامیلکەیەک دا بە کورتی و پوختی باسی ئەکا کە لەئاکام دا وەک ئەنجیلی شورشی فەرەنسی چاوی لێکرا! ئەگەر هەندی حاڵەتی ڕاستەوخۆی فیزیکی بەرچاو تێپەڕێنین ئەوە دیوی ناڕاستەوخۆو میتافوری هەیە، لە ئەگەری میتافوری زانستی دا یادەوەری هەر تاکێکی بایلوجی کۆدو کلیل وقوفڵ وفرینکیونسی دیاریکراوی خۆی هەیە تا دەگاتە ئاستی یادەوەری ئاینی و نەتەوایەتی دیاریکراو، وەک ئاشکرایە هەر نەتەوەیەک فرینکیونسی و کۆدی تایبەت بە خۆی هەیە لە نێو زەمەنی ڕایەڵەکانی گەردوونی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کایەی خۆی دەکا.

بۆ نموونە ئاینە ئاسمانیەکان هەر یەکەیان لە رووی فیزیاوییەوە بەشێک لە سروشتی گەردوونی دابڕیوەو کایەی خۆی تیا دەکا وەک لایەنی فیزیاوی ویادەوەری دەسەڵات لە یەکەی سروشت بەشێوەیەک پانتایی دەسەڵاتی خۆیان تیایدا پیادە دەکەن.

لە دریژەی باسی ریژەی کۆتا تا ڕادەیەک باسی گرنگی بوونی ئافرەتمان کرد لە پەرلەمان وەک شوێنێک تا ڕادەیەک موقەدەس تیایدا نوێنەرانی گەل کۆدەبنەوەو بریار لەسەر چارەنووس و مەسەلە یاسایەکان دەدرێ تەنانەت تاڕادەیەک بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ قەدەری ئەندامانی کۆمەڵگە تیا ساغ دەبێتەوە.

سەبارەت بە گرنگی بوونی پێکهاتە نەتەوایەتی و کومەڵایەتی و ئاینییەکان دیکە لە نێو پەرلەمان چی لە رووی ئاینییەوە سەبارەت بە کلدوئاشور یان لەرووی نەتەوایەتییەوە برایانی تورکمان.

چونکە نوینەرایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە گرنگە، لێرەدا ئەگەر نموونەی لە کومەڵگەی فەللاحی کوردستان بهێنمەوە کە چۆن شیر وەک مادەیەکی سەرەتایی خاو لە ئاژەڵ وەردەگیرێ دواتە بڕێک ماستی شەوی رابوردوو بە واتای هەوین تێ دەکەن تا ببێتە ماستێکی نوێ لە پلەی گەرمای ٢٨ ئەم پروسەیە بە ئەنجام دەگا، ئەگەر بەشێوەیەکی میتافوری باسی بکەین، بڕە ماستە کۆنەکە کە پێ دەگوتری هەوین کۆتاکانە، نوینەری پێکهاتەی جۆراوجۆری ئاینی ونەتەوایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە تا وەکو بریارەکانی پەرلەمان هەڵقولاوی بەشداری تێکرای یادەوەریە جیاوازەکان بێت چ لە رووی ئاینی یەوە یان لەرووی نەتەوایەتی یە، تەنانەت وەک پێشتر باسم کرد نابێ بەرهەمی یادەوەری مورکی باوکسالاری یان فیمینیزم پیوە بێت تا بریارەکان هاوسەنگ و دروست بێنە کایەوە دوور بن لە هەڵاوارن و جیایی وڕەگەزپەرەستی و شوفینیەت و تەنگنەزەری و بە گیانی ئەنتەرناسیونالیزم موتربە کرا بێ،

هیوادارم لەم گوتارە کورتە توانبێتم گرنگی بوونی ریژەی کۆتا لەپەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی باس بکەم چ بەشداری ئافرەتان یان پێکهاتەکانی دیکەی ئاینی ونەتەوایەتی لە روانگەی دەروونشناسی فیزیکی یەوە بۆ نەوەی نوێ تا وەکو بەرچاویان روون بێت .

**نووسینی/ هاورێ نەهرۆ - ئۆسلۆ**

١٣ / ٤ / ٢٠٢٤

# جەنگەکان جیاوازن



نووسینی: نجم الدین فارس حسن

## بەشی سێهەم و کۆتایی

کاتێک باس دێتە سەر وڵاتە دواکەوتووەکان لە ڕووی پیشەسازیەوە ئەبێت بۆ هەموو لایەک ڕۆشن بێت ئەگەر وڵاتە دواکەوتووەکان نەبن بە بازاڕ ئەوا بە ئیمپریالیست بوونی وڵاتە هەرەپێشکەوتووەکان بوونی نابێت. هەر ئەوانیشن کە دابەشکردنێکی کار بەسەر جیهاندا دەسەپێنن بۆ ئەوەی کە کاڵاکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر زۆر مۆڵ نەخوات یان بازرگانی کەم تا زۆرێک نەمرێت، تەنگژەی ئابووری بەرۆکیان پێنەگرێت یان هەر هیچ نەبێت تەنگژەکانیان کەمتر و کوورت ماوە بێت. کە ئەبێتە جێگای سوود و قازانجێکی زۆر بۆیان واتا کە کاتێک کاڵایەک بەرهەم هێنرا ئەبێت بازاڕێکیش هەبێت. ئەم بازاڕانە لە ناوخۆی خۆیاندا زۆر نابێتە جێگای سوودو کەڵەکەی زۆری سەرمایە بۆیان وەک لەوەی کە لەڕێگەی بازرگانیەوە ئەنێردرێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە دانیشتوان و بازاڕەکەیان پێویستیان بە کەلوپەلی بەرهەم هێنراو هەیە. کەواتا ئەگەر وڵاتە دواکەوتووەکان هەمان جۆری بەرهەم هێنانی تێدابوایە و هەمان جۆری تەکنیک و پیشەسازی لە وڵاتەکە یان بوونی تەواوی هەبوایە. ئەوا کەمتر پێویست بە کەلوپەلی بەرهەم هێنراوی ئەو وڵاتانەی دەرەوەی خۆی دەبوو، ئەو کاتەش دەوڵەتانی ئیمپریالیست بوونیان نەدەبوو، وە نە بەم ڕێژەیەش احتیکاراتی ئیمپریالیستی لەسەر وڵاتانی دەرەوەی خۆی ئەبێت و نە بەم جۆرەش تەنها دەرهێنانی مادده خاو و کانزاکانی دەکرد بەپیشەی ئەو وڵاتانەو شێواوی بەرهەم هێنانیش نەدەبوو، خۆشی بە بەرهەم هاتویی پێی نەدەفرۆشتنەوە، ئەمەش سەرچاوەیە بۆ ڕوودانی جەنگە ناوچەیی و جیهانیەکان.. بۆ نموونە لە عێراقدا لە زۆرێک لە کانزا و ماددەی خاووی بۆ پیشەسازی و بە رهەم هێنانی هەیە لەوانەیە هیچ وڵاتێک لە وڵاتە گەورە ئیمپریالیستەکان بە چارەکی عێراق کانزا و ماددەی خاوی تیادا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی عێراق بازاڕێک بووە بۆ ساغ بوونەوەی کە لوپەلە بەرهەم هێنراوەکانی دەرەوەی خۆی. دەست بەسەرداگرتنی بازرگانی لەلایەن وڵاتە بەرهەمهێنەکانەوە، لە پێناوی قازانج و کەڵەکەی سەرمایە و بەردەوام بوونی دەسەڵاتیانە، ملکەچ کردنی وڵاتانی تری دواکەوتووە بە سیاسەت و ئامانجەکانیان، ئەمانەش بەشێک لەجەنگی کۆنەپەرستی و ناڕەوای دەوڵەتەکانی لێدەکەوێتەوە.

کاتێک کە جەنگەکان ڕوودەدەن لە نێوان دەوڵەتەکاندا، پێش هەموو شتێک لە هەموو سەرچاوە ئابووریەکانی بەرهەمهێنان و شوێنەکانی نیشتەجێ بوون ئەدرێت و کاول دەکرێت، هەتا ئەگەر توانی بەرهەم هێنانێکی کەمیشی بۆ ناوخۆ هەبێت. ئەمەش جۆرێکی ترە بۆ خۆشکردنی زیاتری جێگە و ڕێگە بۆ ساغ بوونەوەی کاڵاکانیان. گۆڕانی بەرهەمهێنان لەچۆنایەتیەوە بۆ چەندایەتی یان بەپێچەوانەوە لە دەوڵەتەکاندا ناتوانێت کێشەکان و جەنگە بەردەوامەکانی ناوخۆی دەوڵەتەکان و چینەکانیان، یان جەنگی نێوان دەوڵەتەکان کۆتایی پێ بهێنێت. بۆنموونە هند کە وڵاتێکی بەناوبانگی جیهانییە بۆ بەرهەم هێنانی چا لەگەڵ ئەوەشدا دەشتاییەکی زۆریش و تەکنۆلۆجیای هەیە بۆ بەرهەم هێنانی زۆرێک لە مادده خۆراکیەکان. هێشتا برسێتی و بێخانەو لانەیی بەربینی بە زۆرێک لە دانیشتوانیەکەی گرتووە لە هندا، بێ جێگا و ڕێگای خێزانەکان و لەسەر جادە و کۆڵانان شەو ڕۆژ بەسەربردن و مناڵانی بێ سەرپەرشت و زۆر کاری تری ناڕەوا بووەتە سروشتی ژیانی زۆرێکی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەکەیان. ئەو جۆرە جیاوازیەی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکانی هەموو دەوڵەتەکانی سەر ڕووی جیهانە بەبێ جیاوازی لەنێوان دەوڵەتانی پێشکەوتوو دواکەوتووەکەی، تەنها ئەگەر جیاوازی لە ڕێژەکانیاندا هەبێت ئەگینا ئەوە سروشتی ژیان و جەنگە ناوخۆییەکانی نێوان چینەکانیانە. لێرەوە ئەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەوەی جەنگەکان چۆن ڕوودەدات؟ یان چ جۆرە شە ڕێک ڕوودەدات؟

ئەم جۆرانە لە جەنگەکان کە باسەکەی ئێمەی پێوە سەرقاڵە، جەنگی نێوان دوو سنووری جیاوازی سەرچاوەگرتوو لەیەک بەرژەوەندی چینایەتیە کە یەک ئەوی تری تەواو دەکات. واتا کاتێک حیزبە بۆرژوازیەکان دەبێتە ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی دواکەوتوودا هەریەکەیان بە جۆرێک سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەیی و جیهانی دەباتە پێشەوەو پابەندی سیاسەت و پلانە ئابووریەکانیان دەبن. زۆر جار لە ڕێگەی ئەو حیزبانەوەیە کە ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیستانە دەتوانن بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان ببەنە پێشەوە، یان ئەو کاتەی کە ڕژێمێک زیاتر پابەند نابێت بە بەشێک لە سیاسەت و ئابووری وڵاتە زلهیزەکان و بەرهەمهێنەوە. ئەو جەنگە ئەخولقێنن بۆ حیزبەکان و ڕژێمەکانیان کە بتوانێت باشتر بەرژەوەندیەکانیان بچێتە پێشەوە، یان زیاتر سوود و قازانج بۆ خاوەنەکانیان بەرنە پێشەوە. ئەمە دەبێتە سروشتی زۆرێک لەو شەڕە ناوخۆیانەی ئێستا لە دنیادا.

واتا جەنگی ناوخۆ لە نێوان دوو حیزبی بۆرژوازی لە یەک وڵاتدا نابێتە ئەوەی یەکێکیان شۆڕشگێڕە و ئەویتریان کۆنەپەرست، یەکێکیان ڕاستەو ئەویتریان ناڕاست، یەکێکیان میللەت دۆست و ئەویتریان بەکرێگیراو. ئەوانە هەر هەموویان لە لایەنە نەرێنیەکەی جەنگدان و گرووپی جیاواز جیاوازی بەرژەوەندی پەرستی بۆرژوازین و دژ بە بەرژەوەندیەکانی چینەکانی خوارەوەن و ئەمان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دهێنن لە ململانێکانیاندا، گرووپی دژن بۆ کرێکار و زەحمەتکێش. بۆ نموونە لە عێراق و ئەفغانستاندا شەڕ لە نێوان دوو تەیاری مەزهەبی و غەیرە مەزهەبی یان لە نێوان عەلمانی و ئاینی، یان لەنێوان دوو نەتەوەی جیاوازدا دا هیچ شتێک نییە بێجگە لە ناکۆکی لەسەر بردنە پێشەوەی سیاسەت و بەرژەوەندی ئابووری ئەو وڵاتانەی کە حیزبەکانیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ڕاگرتووە. ئەمەش بەشێک لە جەنگە ناوخۆییە کۆنەپەرستی و ناڕەواکانی دەوڵەتەکانی ئێستایە. سووتاندنی بێ بە هایانەی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو ناوچانەیە، بێئەوەی جەنگی ئەوان بێت.

ڕاستە مۆنۆپۆڵکردن لەسەر بەرهەمهێنان لەلایەن کۆمپانیایەک یان چەند کۆمپانیایەک لە وڵاتێکدا پێشبڕکێی سەربەست بۆ بازرگانانی ئەو وڵاتە ناهێڵێت، بەڵام ناکاتە ئەوەی کە نەهێشتنی پێشبڕکێیە ببێتە ئەوەی کە بۆ قۆرخکارچیەکانیش وا بێت، واتا پێشبڕکێ دەمێنێت بۆ ئیحتیکارچیەکانی ئەو وڵاتانەی کە قۆرخکاری لە بازاڕی و بەرهەم هێنانی وڵاتێکی تر دەکەن. هەموو ئەو جەنگە ئابووریانەش لە پێناوی تێکشکاندنی سەرچاوەکانی تری داهات و قازانجە بە بەرژەوەندی خۆی. لەبەرئەوە جەنگە جیهانی و ناوچەییەکان مەبەست لێیان ئەو مۆنۆپۆڵیەیە و دابەشکردنەوەی ناوچەکانی جیهانە لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە هێزیان هەیە، بە پۆزش هێنانەوەی جۆراوجۆری بەناو ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی ....

کاتێک ئیمپریالیزم لەگەڵ دەوڵەتانی تری دنیادا هاوپەیمان دەبێت لەسەر بناغەی چوونە پێشەوەی زیاتری هەموو بەرژەوەندییەکانیەتی. واتا ئەوان بۆ خۆیان هاوپەیمانن، بەڵام لەسەر بنەمای سوود و قازانج گەیاندنن بە یەکتری، ئەگەر کاتێک کە سوود و قازانجیان ئەخرێتە بەر مەترسیەوە لەلایەن هاوپەیمانە کەی خۆیەوە ئەوا بەرەنگارییەک لە نێوانیاندا ڕوودەدات وجمووجۆڵێکی دوژمنکاریانەی دژ بەیەکتری بە ئەنجام دەگات ئەویش زۆرجار لە ڕێگەی ڤیتۆ کردن و هەرەسهێنان بە دەرکردنی بڕیارێکی سیاسی لە دەزگاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە بتوانێت بەر بە سوود و قازانجی بەرامبەری بگرێت و بەسوودی خۆی بیشکێنێتەوە. بەڵێ ئەوان ئەوەندە بەرگری لە یەکتری دەکەن کە کاتێک بەشێک لە جیهان دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان، هێشتا بەو مانایە نییە، کە ئەمان هاوپەیمانی تووندوتۆڵی یەکترین، لە ناوەڕۆکی ئەو هاوپەیمانێتی یە گەورەترین ڕق و کینەی بەرژەوەندیان لەگەڵ یە کتریدا هەیە.

هوشیاری شۆڕشگێڕی کرێکاران، هاوپشتی و هاوکاری بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستی پێش دەخات، نەک بەپێچەوانەوە، چوونکە کاتێک کرێکارێکی هوشیار مامەڵە لەگەڵ سروشتی ئەو هەلومەرجە دەکات کە جێگای ژیان و ئاسودەیی بۆ ئەو تیایدا نەماوە، پێویستی هاوئاهەنگی و هاوکاری بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاریای جیهان زۆر بە ڕۆشنی دەبینێت و چالاکانە کاری جدی بۆ دەکات. واتا بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستییە پرۆسیسی و پراکسیسی هاوئاهەنگکردنی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا دەکات لە دنیادا. دیفاع کردنە لە یەک چینی جیهانی کە بە یەک بەرژەوەندی و یەک ئاسۆی ڕوونی شۆڕشگێڕیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو دیاردەو هەڵسوکەوتە چەوسێنەرانەکانی دژ بە چینی کرێکار و مرۆڤایەتی سیستەمی سەرمایەداری بکات.

واتا کاتێک ئەم بزووتنەوە ئینتەرناسیۆنالیستییە پراکسیس دەکرێت کە لەناو پرۆلیتاریادا هوشیاری کۆمۆنیستی زانستی بوونی خۆی هەبێت. هەر ئەم هوشیاریەیە کە ئەتوانێت پرۆسیسی ئینتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاریای جیهانی بهێنێتە پێشەوەو لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا کاریگەری خۆی دابنێت. واتا هوشیاری بزووتنەوە ئینتەرناسیۆنالیستییەکە دروست دەکات دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک و هەڵاوێردنێکی سیستەمی سەرمایەداری دەوەستێتەوە نەوەکو بە پێچەوانە وە. جەنگی دادوەرانە و درووست ئەو جەنگەیە لەم سەردەمەی سەرمایەداری لیبراڵیدا، دژی سیستەمەکەی دەکرێت لەلایەن چینی کرێکارەوە، گۆڕینی بە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری بێ چین، نەوەکو ئەو جەنگانەی کە دەوڵەتەکان دەیکەن لە ژێر چەندان ناو و نیشان و بڕوبیانوی جیاوازجیاوازدا.

*******

جەنگی دادوەرانە و درووست ئەو جەنگەیە لەم سەردەمەی سەرمایەداری لیبراڵیدا، دژی سیستەمەکەی دەکرێت لەلایەن چینی کرێکارەوە، گۆڕینی بە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری بێ چین، نەوەکو ئەو جەنگانەی کە دەوڵەتەکان دەیکەن لە ژێر چەندان ناو و نیشان و بڕوبیانوی جیاوازجیاوازدا...



# یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

## مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:

## دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{١}

### بەشی سێهەم

ئەم میتۆدۆلۆژییە، پاسیڤیستییە کە بەدوای "چینی لە باری مێژوییەوە گرنگ"ەوەیە و "ڕابەری" لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکێشێ، ئاراستەی قووڵی خۆی لەو میتۆدۆلۆژییە جیا دەکاتەوە کە پێویستیی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار وەکوو ڕابەری هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی بەفەرز وەرگرتووە. ئەمەش یەکەمین سیمای جیاوازی نێوان میتۆدۆلۆژیی بۆڵشەڤیزم و مەنشەڤیزمە، نێوان لیبراڵیزمی چەپ و مارکسیزمی شۆڕشگێڕە. تێگەیشتنی یەکێتیی کۆمۆنیستی بۆ شێوازی هەڵوێستگرتنی لێنین لە شۆڕشی ١٩٠٥، ماتەریالیزمی مێژوویی پوچەڵ دەکاتەوە.

ئەوە دروست و مارکسیستانەیە کە ئەگەر بڵێین بەدرێژایی سەدەکان بەپێی ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگا، چەندین چینی جۆراوجۆر هەبوون، کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و ئابووری هاتوونەتە پێشەوە و بوونەتە توخمی ئاڵوگۆڕی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام ئەوە بە تەواوی نادروست و لادەرانەیە ئەگەر تەنها هەر ئەوە لە ماتەریالیزمی مێژوویی تێبگەین کە بە یەک کۆبەندی کورتەوە و لە گشت ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی و گرنگی "ژێرخانی ئابووری"یەوە، بچینە سۆراغی کۆمەڵگای سەرمایەداریی هاوچەرخەوە، هاوکات بمانەوێت لە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا و لە هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەدا، لە یەک وڵاتی دیاریکراودا، دووبارە لە "ئابووری"دا بەدوای چینی پێشڕەو و گرنگ و "ڕابەری شۆڕش"دا بگەڕێین. ئەمە ئیتر ماتەریالیزمی مێژوویی نییە. چونکە ئەمە بە دەقیقی لە مێژووی واقیعیی ئێستادا، یانی لە دەورانی مێژوویی و لە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکان دابڕاوە. ئەگەر دەستەواژە و چەمکی پراتیکی شۆڕشگێڕانە لە مارکسیزم دەرکێشین، ئەگەر لایەنگریی چینایەتی لە مارکسیزم واز لێ بهێنین، ئەگەر دەرکی زیندووی مارکس لە پەیوەندیی نێوان بار و دۆخی بابەتیی کۆمەڵایەتی و توخمی چالاکی مرۆیی بخەینە لاوە، ئەو کاتە ئەوەی لێی دەمێنێتەوە ڕەنگە شتێکی هاوشێوەی کەمکردنەوەگەرایی ئابووری و مێژووگەرایی و ئۆلۆسیۆنیزمێکی لە ئاو دەرهاتوو بێت کە یەکێتیی کۆمۆنیستی لە بری مارکسیزم پێشکەشی دەکات. هەمان ئەو مێژووگەرایی و دیترمینیزمە ئابوورییەیە کە فۆرموولەکانی وەک "لە شۆڕشی سیاسیدا، بەڵام بەو جۆرە نییە"، "کام چینە ئەتوانێ باشتر کۆمەڵگا پیشەسازی بکات"، "کام چینە لە باری مێژووییەوە گرنگیی زیاتری هەیە" و هی تری لێ دەردەکێشرێت. ئەمەش هەر ئەو مارکسیزمە شێواو و "بێلایەن"کراوەیە کە ئەکادیمیستە بۆرژوازییەکان لە مەیدانی مێژووی بیری ئابووریدا دەیلێننەوە. هەمان ئەو مارکسیزمە "ناپرۆلیتاری"کراوەیە کە بڕیارە لە وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا ببێت بە تیۆری شۆڕشی "خەڵک لە دژی ئیمپریالیزم". هەمان ئەو مارکسیزمە ناسککراوەیە کە ڕۆشنبیرانێکی بۆرژوا- لیبراڵ و ئەو وردەبۆرژوا- ئیسلامییانەی کە لە ماوەی دوودەیەی پێشووی ئێراندا بە نهێنی دەیخوێننەوە و لەو کاتانەشدا کە لە ڕێکخراوی "تەوحیدی" و مەحفەلیی بەرەی نەتەوەیی ماندوو دەبن و خوازیاری "ڕادیکاڵیزم"ی زیاترن دەستیان بۆ بردووە. لە هەمان کاتدا ئەمە ئەو مارکسیزمە ئاوەژووکراوەیە کە ئینسان تیایدا گۆڕدراوە بە بووەنەوەرێکی پاشکۆ و بێ ئیرادە لە "پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی"دا. ئەمە هەر ئەو بەناو "مارکسیزم"ەیە کە بە بیانووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە، بانگەوازی پرۆلیتاریا دەکات بۆ دەستکێشانەوە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی و بوونی بە پاشکۆی "بۆرژوازیی نیشتمانی و وردەبۆرژوازی دژی ئیمپریالیست". ئەمە "مارکسیزم"ی حیزبی توودە و ڕێگای کرێکار و ڕەنجبەرانە(چەند ڕێکخراوی چەپی ئێرانە- وەرگێڕ) کە یەکێتیی کۆمۆنیستی گەرەکێتی لەژێر ناوی "میتۆدۆلۆژیی لێنین"دا پێشکەشی بکات. لەم دیدگایەدا ئینسان دەبێ شانسی هەبێ کە بە ڕێکەوت لە یەکێک لەو دەورانانەدا ژیان بکات کە تێیدا پرۆلیتاریا "لە باری مێژووییەوە گرنگی زیاتری هەیە" و بۆ دەستنیشانکردنی ئەم مەسەلەیەش تازە دەبێ بەپێی پێوانەیەکی کافی "لە دنیای گەورە"ی سەرمایەداریی ئێران بزانێ، ئەگەر نا ئەوا بە هەمان شێوەی باوی حیزبی توودە، سەر لە کەپر و چادری ئەو چینانەوە دەردێنێ کە "لە باری مێژووییەوە" گرنگن.


به داخەوە ئەم لێکدانەوە دیترمینیستییانە لە مارکس و مارکسیزم لە مێژوودا، لە دەرکی دروستی ماتەریالیزمی پراتیکی و دیالێکتیکی مارکس برەویان زۆرترە. بۆچوونەکانی یەکێتیی کۆمۆنیستی هەر بەو شێوەیەی ئاماژەمان پێی دا، لە بنەڕەتەوە لەگەڵ باوەڕەکانی ڕیڤیژینیزمی هاوچەرخدا جیاوازییان نییە. ئەمەش دیاردەیەکی نوێ و تازەپەیدابوو نییە. ئەوە بۆ یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەزمونێک دەبێ، ئەگەر بێت و بەوە بزانێت کە "جیاوازی نێوان بۆلشەڤیزم و مەنشەڤیزم" لە ساڵی ١٩٠٥دا بە دەقیقی هەمان جیاوازی نێوان ماتەریالیزمی پراتیک و دەخاڵەتگەرییە لەگەڵ ماتەریالیزمی سکۆلاستیکی و پاسیڤیستیدا. بە داخەوە یەکێتیی کۆمۆنیستی نە تەنها لە تێگەیشتنی بۆ میتۆدۆلۆژیی لێنین سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو خودی ئەو و هاونموونەکانی وەک ئەو بابەتی ڕەخنەگرتنیان هەر ئەم میتۆدۆلۆژییە بووە.

تا ئەو شوێنەی کار بە پێداهەڵدان بە سنوورکێشانی لێنین لەگەڵ مارکسیزمی عەلەنی دەگات، بینیمان یەکێتیی کۆمۆنیستی چۆن لە بواری ڕۆشنکردنەوەی "میتۆدۆلۆژیی لێنین"دا بەکردەوە بە بنبەست گەیشتووە. بەتایبەت کە لێنین لە شیکردنەوەیەکی هاوشێوەوە بۆ فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیا بە "ئەنجامێکی سیاسی" تەواو جیاواز گەیشتووە. لە ڕووواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە ئەوە چەند فاکتۆر و هۆکارێکی "پێشبینی نەکراو" و نەزانراوی لەپڕدایە کە لێنین و میتۆدۆلۆژییەکەی لە پەیوەند بە (دەرکێشانی ستراتیژیی شۆڕش لە فۆرمیلاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا) بە لاڕێدا بردووە و ئەوی بە دەربڕینێکی "لاسارانە"وە بەستۆتەوە کە داکۆکی لەسەر پێویستیی سەربەخۆیی ڕابەریی پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا دەکات. یەکێتیی کۆمۆنیستی لە ڕۆشنکردنەوەی ئەم شێوەیە لە هەڵوێستگرتن، لە بردنەپێشەوەی باسەکانی خۆیدا، بێ توانا ماوەتە و سەیر لەوەشدایە بەم بێ تواناییەوە، ڕادەگەیەنێ کە هەمان ئەو جیاوازییانە" لە باسەکانی لێنیندا لەدژی مەنشەڤیزم بەوپەڕی خۆی گەیشتووە".

ڕاستییەکەی ئەوەیە "جیاوازییەک" کە لە باسەکانی نێوان لێنین و مەنشەڤیکەکاندا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، هەمان ئەو جیاوازییانەیە کە لە نێوان مارکسیزم و ماتەریالیزمی پراتیک و دەخاڵەتگەر لە لایەک و لێکدانەوەی ئاکادیمیستی و پاسڤیستیی باو لە مارکسیزمدا، لە لایەکی ترەوە. ئەم جیاوازییەش نەک تەنها لە مشتومڕی نێوان لێنین و مارکسیزمی عەلەنیدا بووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی دەرکەوتووتر لە خەباتی لێنین لەدژیئیکۆنۆمیستەکان خۆی نیشان داوە. دواتریش هەر ئەم جیاوازییانە بوون، کە لە خەباتی لێنیندا لەدژی مەنشەڤیزم، بەڕۆشنترین شێوە، لە جیاوازییەکی بنەڕەتی و لە شێوەی دوو میتۆدۆلۆژیدا فۆرموولە بوونەتەوە. لێنین ئیکۆنۆمیزم و مارکسیزمی عەلەنی و مەنشەڤیزم بەدیاریکراوی لەو ڕووەوە کە هەرسێکیان لە یەک میتۆدۆلۆژی پاسیڤیستیدا هاوبەشن دەستەبەندی دەکات، کاتێک کە مامەڵە لەگەڵ خەباتی چینایەتیدا دەکەن، هەرسێ لایان لە یەک جەمسەردا بەرامبەر بە بۆڵشەڤیزم و مارکسیزمی دەخاڵەتگەر و چالاک، دەستەبەندی دەکات.

> **"جیاوازییەك" كە لە باسەكانی نێوان لێنین و مەنشەڤیكەكاندا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، هەمان ئەو جیاوازییانەیە كە لە نێوان ماركسیزم و ماتەریالیزمی پراتیك و دەخاڵەتگەر لە لایەك و لێكدانەوەی ئاكادیمیستی و پاسڤیستیی باو لە ماركسیزمدا، لە لایەكی ترەوە. ئەم جیاوازییەش نەك تەنها لە مشتومڕی نێوان لێنین و ماركسیزمی عەلەنیدا بووە، بەڵكوو بە شێوەیەكی دەركەوتووتر لە خەباتی لێنین لەدژیئیكۆنۆمیستەكان خۆی نیشان داوە...**

**درێژەی هەیە**



## عەلی محەمەد ئەمین: خراپی سیستەمی حوکمڕانی هەرێم وای کرد کە زۆرێك لە خەڵکی خۆزگە بەگەڕانەوەی ڕژێمە خوێنڕێژو ملهوڕەکان بخوازن؟!

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی محەمەد ئەمین نووسەرو ڕۆژنامەنووس، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی...**

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پێکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پێکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەریەکی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە هەیە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** ڕاستە ئەمریکا لەم ئامانجەی دا شکستی هێناوەو نەیتوانیوە تان و پۆی جیهان بەوەی خۆی دەیەوێ بسازێنێ و نەک هەر بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت، بەڵکو گەشەشی پێ بدات و ڕکابەرێکی کاریگەر لە بەرامبەر خۆیدا نەهێلێ، بەڵام دەستی لەم ئامانجانە بەرنەداوە و بەردەوام، ئەگەر بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیەکانیشی بێت هەوڵی خۆی ئەدات، ڕوونیشە کە نەیتوانیوە لەم هەل و مەرجەدا وەک جاران خۆی ڕەنگرێژی زۆرێک لە پلانە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی جیهان بێت، بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناوچەکەدا، ئێستا نەک هەر ڕکابەر و ڕێگرێک لە بەردەمیدایە، بەڵکو چەندین ڕکابەرو ڕێگر، جیهانی و ناوچەیی لە بەرامبەریدا قوتبوونەتەوە، دەوڵەتانی وەک چین و ڕوسیا... لە ئاستی جیهانداو لە ئاستی ناوچەکەش دا، دەوڵەتانی وەک ئێران و تورکیاو عێراق و هەندێک لە ڕێکخراوە میلیشیایی و تیرۆرستەکان ... بەپێی توانای خۆیان ڕکابەری دەکەن و ڕێگری لە ویست و مەبەستە فراوانخوازیەکانی ئەمریکا دەکەن، ئەم هەلومەرجە، واتا ئەم شکستەی ئەمریکا لەبەدیهێنانی یاخود گێڕانەوەی دنیای یەک قوتبی، کە ئەمریکا تیایدا یەکەم دەسەڵاتی بێ ڕکابەر بێت، کاریگەری سەختی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە پێکهێناوە، ساڵانێکی زۆرە دەوڵەتی ڕوسیا جێگەو پێگەی سیاسی و ئابوری و سەربازی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزترکردووەو وێرای بوونی سەربازی لە وڵاتێکی وەک سوریادا، پەیوەندی هەمەلایەنەشی لەگەڵ دەوڵەتانی وەک تورکیاو ئێرانیش خۆشکردووەولە زۆر مەیدان دا هاریکاری یەکتر دەکەن، ئەم بەرامبەرکێیە کە لە ناوچەکەدا پێکهاتووە، هەلومەرجێکی شپرزەو پڕ ئاژاوەو پڕ کوشت و کوشتارو ناسەقامگیری هێناوەتە ئاراو وایکردووە کە دەوڵەتگەلێکی وەک ئێران و تورکیاش بارودۆخەکە بەهەل وەربگرن و بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەن و دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە دەوروبەر بکەن و تەنانەت حکومەتێکی لاوازی وەک سوریای دوای خرۆشانە جەماوەریەکە بێتەوە مەیدانی سیاسی و پێگەکانی خۆی لە ناو وڵات و ناوچەکەدا بگێڕێتەوەو قایمتری بکات، دەوڵەتی ئێرانیش درێژە بەتەمەنی دەسەڵاتدارێتی خۆی بدات ودام و دەزگا سەربازی و هەواڵگری و تیرۆریستەکانی تۆکمەترو چالاکتر بکات، فەرمانڕەوایەتی هەندێ وڵاتی وەک عێراق و سوریا و هەندێ هێزی وەک حەشدی شەعبی و میلیشیایی و توندڕەوی ئیسلامی... بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی ئاراستە بکات ، تورکیاش وەک دەزانین، سەرەڕای پڕوپاگەندە فریوکاریەکانی، نەک هەر درێژەی بە تەمەنی دەسەڵاتداراری ملهوڕانەی خۆی داوە، بەڵکو لە ناوچەکەش دا وەک سەرچاوەی تیرۆرو هەڕەشە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ و بۆ بەدیهێنانی خەونە فراوانخوازیەکانی دەست لە هیچ کارێکی تیرۆرستی و دوژمنکارانە لە ناوچەکەدا ناپارێزێت، لە هەلومەرجێکی پڕ لە کێشمەکێشی وادا خەڵکی ستەمدیدەی ئەم وڵاتانە باجەکەی ئەدات، هەلومەرجی ژیان و گوزەران سەختتر دەبێ و ژێرخانی ئابوری ئەم وڵاتانە لەجاران زیاتر ویران دەبێ، دەسکەوتنی نان و کارو فرسەتی ئارام و سەلامەت زۆر زەحمەت بووە، لێرەشدا پێویست بە بەڵگەهێنانەوە ناکات، کە سەرجەم ماف و ئازادیە سیاسی و مەدەنییەکان لە ژێر هەڕەشەی پێشێلکردن و سڕینەوەدان...

**ئەم بەرامبەرکێیە کە لە ناوچەکەدا پێکهاتووە، هەلومەرجێکی شپرزەو پڕ ئاژاوەو پڕ کوشت و کوشتارو ناسەقامگیری هێناوەتە ئاراو وایکردووە کە دەوڵەتگەلێکی وەك ئێران و تورکیاش بارودۆخەکە بەهەل وەربگرن و بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەن و دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە دەوروبەر بکەن و تەنانەت حکومەتێکی لاوازی وەك سوریای دوای خرۆشانە جەماوەریەکە بێتەوە مەیدانی سیاسی و پێگەکانی خۆی لە ناو وڵات و ناوچەکەدا بگێڕێتەوەو قایمتری بکات...**

**بۆپێشەوە: لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ی ئۆکتۆبەرەوە، باڵانسی هێز لە عێراقدا، بەسودی بۆرژوازی عێراقی و بە زیانی بۆرژوازی کورد گۆڕاوەو تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنورداركردووەتەوە، چۆن دەڕواننە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** من پێموایە ئەم ئاڵوگۆڕە لە دوای پرۆسەیەک لە لاوازی پیشاندان وکەمتەرخەمی و بێ دەربەستی و کێشمەکێشی نێوان لایەنەکان، بەتایبەت یەکێتی و پارتی درووستبووە، کۆتاییهاتنی جەنگ دژی داعش و ١٦ ی ئۆکتۆبەر پرۆسەکەی خێراتر کرد و هەلومەرجی لەبارتری بۆ دەسەڵاتدارێتی عێراق ڕەخساند کە سود لەو هەلە وەربگرن و هەیبەتی سیاسی و ئابوری و سەربازی خۆیان بنوێننەوە، دەسەڵاتدارێتی هەرێم لە ماوەی زیاتر ٣٠ ساڵدا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا، کارو پلانێکی وای بەڕێوەنەبردووە کە ببێتە بناغەی بەردەوامی و گەشەو خۆڕاگری لە کاتە نەخوازراوەکان دا، لە ئاستی وەڵام بە پێداویستیە هەنوکەیی و چارەنووسسازەکانی خەڵکی ستەمدیدەدا، نەک بە لێوەشاوەیی خۆی نەنواند، بەڵکو زۆر بێ دەربەستانە حوکمڕانی کردو لە سایەیان دا سەرجەم کەرتە ئابوری و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکان گۆڕانێکی دڵخوازیان بەخۆوە نەبینی و سود لەو فرسەتە زۆرە نەکرا کە لەبەردەستیان دابوو، زۆربەی داهاتی نەوتی و نانەوتی و هەر هەموو سەروەت و سامانیان بە هەدەرو بەتاڵان برد، بەرهەمی حوکمڕانی ئەم چەند ساڵە، سەرهەڵدانی ژمارەیەک ملیاردێرو ملیۆنێرو بەهەژاربوونی چەند ملیۆن خەڵکی ستەمدیدە بوو، بێ لەمانەش، ئەو ناکۆکیە سەرەتانیەی نێوان یەکێتی و پارتی و لایەن و کەسە بەناو سەربەخۆو بەرهەڵستکارەکانیش پرۆسەی لاوازبوونی حکومەتی هەرێمی خێراتر کردو زۆرێک لە ناوخۆو ناوچەکەو دەورووپشتیش دا کۆمەکیان بە یەکتر کرد، تا ئەم قەوارەیەی هەرێم لاوازترو بێ تواناتر بێتەوەو ڕادەستکردنی بۆ دەسەڵاتدارێتی بەغدا نزیکتر بێتەوە.....

**بەرهەمی حوکمڕانی ئەم چەند ساڵە، سەرهەڵدانی ژمارەیەك ملیاردێرو ملیۆنێرو بەهەژاربوونی چەند ملیۆن خەڵکی ستەمدیدە بوو، بێ لەمانەش، ئەو ناکۆکیە سەرەتانیەی نێوان یەکێتی و پارتی و لایەن و کەسە بەناو سەربەخۆو بەرهەڵستکارەکانیش پرۆسەی لاوازبوونی حکومەتی هەرێمی خێراتر کردو زۆرێك لە ناوخۆو ناوچەکەو دەوروپشتیش دا کۆمەکیان بە یەکتر کرد، تا ئەم قەوارەیەی هەرێم لاوازترو بێ تواناتر بێتەوەو ڕادەستکردنی بۆ دەسەڵاتدارێتی بەغدا نزیکتر بێتەوە.....**

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسییەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبوونی چۆن دەبینن؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراقدا، لە ڕاستی دا، دەسەڵاتی لایەنە سیاسیە تایفیەکان و خاوەن میلیشیاکانی سەربە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەوەی کە هەندێ کەس، وەک سەرۆک کۆمارو سەرۆک حکومەت و هەندێ وەزیر و گزیرو ئەندام پەرلەمانی لەمانە جیا بەشدارن لەم دەسەڵاتدارێتیەدا، ئەمە زیاتر هەر شێوەو ڕواڵەتەو کاریگەریان لەسەر حوکمڕانی دەسەڵاتی ناوەندی ڕاستەقینەی سەر بە ئێران دانانێت، فیدرالیزم و دەستورو یاساو ڕێساو تەنانەت ڕێنماییەکانیش، هەموو دەم لەژێر هەڕەشەو فشاری ئەم دەسەڵاتدارێتیەدان و زۆربەی ئەمانەش تەنها بەدوای پاراستنی پلەو پایەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا وێڵن، ڕاستە ساڵانێک پێشتر ئەمانە، بەهۆی بێهێزی دەسەڵاتدارێتی ناوەند، ئەگەر بیانوویستایە هەندێ کاریان پێدەکرا، بەڵام کاتێ تارادەیەک هێزی سوپاو حەشدو ملیشیاکان پڕ چەککران و یەکخرانەوە، لەڕووی ئابوریشەوە دەست بەسەر هەموو داهاتە نەوتیەکان و زۆرێک لە داهاتە ناوخۆییەکانیش گیرایەوە... لە ڕووی ئەمنیشەوە ئەوە دەسەڵاتدارێتی عێراقە هەر ئێستا کە سەرگەرمی داڕشتن و جێبەجێکردنی چەندین پلان و ڕێکەوتنی ئەمنیە لەگەڵ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و سوریا... جێگای نیگەرانیە دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ هەلومەرجێکی وا نەک هەر خۆیان لە هەموو ڕویەکەوە ڕێک نەخست و بەتوانا نەکرد، بەڵکو وەک ئاماژەمان پێدا خۆیان لە ڕادەستکردن دا بەشداریان کرد.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لە دژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا بە مانای تێکەڵبوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بە عێراقەوە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** دەسەڵاتدارانی بەغدا و دەوڵەت گەلێکی وەک ئێران و تورکیا، وەک کۆتایی پرۆسەی گێڕانەوەی کوردستان بە عێراقەوە، بەڵێ ئەمەیان دەوێت، بەڵام بەدرێژایی سیاسەتی حوکمەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئەم خواستە بۆ گرێدانی بەزۆر زۆر پێی لەسەر داگیراوە، من پێموایە ئەگەر ئەمجارەش سەربگرێتەوە، بەڵام مەرج

نییە جێگای ڕەزامەندی زۆرێک بێت، ڕاستە ئێستا خەڵکێکی زۆر نارازین لە دەسەڵاتدارانی هەرێم و نارەزایەتیەکەشیان ڕەوایە، بەڵام دەردو سەختی گرێدانەوەی بەزۆر، خەڵکی ستەمدیدەو زەحمەتکێش ئەیچێژێ، بەتایبەت وەک ئاماژەم پێدا، لە بارودۆخی ئێستادا لە عێراق دەسەڵاتداریەتێکی تایەفی شێعی میلیشیایی گرێدراو بە ئێرانەوە حوکم دەکات، هاوکات دەبێ ئاماژەش بەوە بکەم کە دەوڵەتانی زلهێز، بەتایبەت ئەمریکا لەبارودۆخی ئێستادا ناخوازێ بەتەواوەتی ئەم ڕادەستکردنەوە سەربگرێت، بەڵکو هەوڵ ئەدات، ئەگەر دەسەڵاتدارێتیەکی لاوازیش بێت بیهێڵێتەوە و بۆ بەرژەوەندیەکانی لێی سودمەند بێت.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبوونی کێشەی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** ئاشکرایە لە مێژە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی مافی بڕیاردانی چارەنووس و زۆرێک لە ئازادیە سیاسی و مەدەنییەکان بەردەوامبووە، هەندێ جارو لە هەندێ فرسەت دا بڕێک لەمانە بەدیهاتووە ، بەڵام زیندووبونەوەی کێشەکان و مانەوەی هەندێ کێشەی ڕابووردوو شوێنەواری سیاسەتە ڕەگەزپەرستیەکانی ڕژێمی پێشوو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستان مایەی هەڕەشەو ناسەقامگیرین، دیارە جگە لە مانەوەی عەقڵیەتی ناسیونالیستی ڕەگەزپەرستانە لە زهنیەتی دەسەڵاتدارانی عێراق دا، دەوڵەتانی تورکیاو ئێرانیش سەرەڕای پەیوەندی شلوشۆڵیان لەگەڵ سەرانی هەرێم و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لەم نێوەدا، هەرگیز ئامادەنین، مافی بڕیاردانی چارەنووس و چارەسەری ڕیشەیی کێشەی نەتەوایەتی بەکردەوە بسەلمێنن، بەتایبەت کە خۆیان دەرگیری کێشەیەکی هاوشێوەن....

**بۆپێشەوە: لەم دواییانەدا دادگای فیدراڵی چەندین بڕیاری دەرکرد، لەوانە: بڕیاری لابردنی کورسی کۆتاکان، بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بڕیاری بەیەک بازنەییکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیاری دابەشکردنی مووچە لەلایەن بانکە ناوەندیەکانی عێراقەوە، چۆن دەڕواننە ئەم بڕیارانە، ئەم بڕیارانە چ کاریگەریەکی لەسەر دەسەڵاتدارێتی هەرێم و چینی کرێکارو خەڵکی کوردستان ئەبێت؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** جارێ سەبارەت بە هەڵبژاردن، بە بڕوای من هەرچۆنێک بێت، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ژیان و گوزەرانی خەڵکدا دروست ناکات، بەڵام هەر هەموو ئەم هەنگاوانە هەنگاو گەلێکن بەئاڕاستەی لاوازکردنی قەوارەی هەرێم و بچووککردنەوەی، دەسەڵاتدارانی بەغداش و دەستەو دایەرەو پاشکۆکانیشی هەر پڕوپاگەندەیەکیان بێت، هەر ئەمەیان مەبەستەو دەخوازن بەکۆی ئەم کارانە و بەجێگەیاندنیان دەسەڵاتی ناوەندیان بەهێزترو تۆکمەتر کردو بێ ڕکابەرتربێ، سەبارەت بە خەڵکی کوردستان و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، بەتایبەت کە هەر ئێستا دەرگیری ژیان و گوزەرانێکی سەختی لە ڕادەبەدەرن، دەشێ بۆماوەیەک هەندێ کێشەی وەک مووچە چارەسەر بێت، بەڵام لە دوور ماوەدا و لە بەردەوامی دەسەڵاتێکی ڕەهای تایەفی و مەزهەبی و خاوەن میلیشیادا، بە دڵنیایی نەک هەر مووچە، بەڵکو ژیان و گوزەران و سەرجەم ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان لەبەردەم هەڕەشەی پێشێلکردندا دەبن، سەرنجێکی خێرا لە بارودۆخی نالەباری دانیشتووانی شارو شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی ناوەند، ئەم ڕاستیانە زیاتر دەسەلمێت، بەتایبەت کە زۆرێک لە کەرت و دام و دەزگا بەرهەمهێنەرو خزمەتگوزارو پەروەردەییەکان.... لەئاستێکی هەرە نزمدان، تەنها لەبواری بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردن و یەکجێکردنەوەی داهاتدا نەبێت، لەم نێوەشدا گەندەڵکاری و تالانچێتی و بەهەدەردان... بەردەوام ڕووولەزیادە، سەرەڕای دەنگی بەرزی خەڵکی نارازی لە شەقام و گۆڕەپانەکان دا دەسەڵاتی ناوەند کەمترین وەڵامی دڵخوازی لە بەرژەوەندی ئەو خەڵکە پێ نییە....

**بۆپێشەوە: بەشێک لە خەڵکی کوردستان، خۆشحاڵن بە بڕیارەکانی بەغدا دژ بە دەسەڵاتی هەرێم، چۆن دەڕواننە ئەم خۆشخەیاڵیەی خەڵک، ئایا ئەمە خۆشخەیاڵی نییە بە دەسەڵاتی لایەنە بۆرژوازیەکانی عێراق؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** بە دڵنیایی خۆشخەیاڵی بە بڕیارەکانی بەغدا دژ بە دەسەڵاتی هەرێم خۆشخەیاڵیە بە دەسەڵاتدارێتیەکی تایەفی شیعی میلیشیایی، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین، ئەم ناکارایيەی دەسەڵاتدارێتی هەرێم و بێ دەربەستی لە ئاست داواکارییە ڕەواکانی خەڵک دا و بەهەدەردانی سەروەت و سامانێکی زۆر لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ دا و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و تاوان و پێشێلکردنی ئازادییەکان، نەک هەر وەڵامنەدانەوەی خەڵکی نارازی، بەڵکو گرتن و ڕاونان و سوکایەتی پێکردنیان، هەموو ئەمانەو هیتر وایان کرد کە هەرچی پێی بووترێ متمانە بەدەسەڵاتدارێتی هەرێم نەمێنی و خۆشخەیاڵی بە لایەن گەلێک دروستبێ، ئەگەرچی لە ڕاستی دا فریاڕەس و ڕزگارکەریش نەبن، تەنانەت بەداخەوە خراپی سیستمی حوکمڕانی ئەم دەسەڵاتدارێتیە وای کرد زۆرێک لە خەڵکی خۆزگە بە گەڕانەوەی ڕژێمە خوێنڕێژو ملهوڕەکەی بەعس و سەدام بخوازن ....

**بۆپێشەوە: بەم دواییانە پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و هەڕەشەی کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی کرد، چۆن دەڕواننە ئەم بڕیارەی پارتی، ئایا هەڵبژاردن بەبێ پارتی ئەتوانێت بکرێت؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە بە تەنگ پاراستنی خۆی و دەسەڵات و بەرژەوەندیيە جۆراوجۆرەکانێتی، ئەم پارتە بمانەوێ و نەمانەوێ پشتگیرە بە جەماوەرێکی بەرین. بەتایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا، جابە فریودان یا سەرکوتکردنی دەنگی بەرهەڵستکارانیشی بێت، دەسەڵاتی پارتی لە ناوچەیەکی سەر سنورەکانی تورکیاو سوریاو عێراقدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە و لەسەردەمی حوکمڕانی خۆی دا هەوڵی زۆری داوە بۆ بەهێزکردنی پارتەکەو خۆی لە کەرت و پەرتبوون پاراستووە، لەناوخۆو دەرەوەدا جێگاو پێگەی دیاری هەیە و گوێی لێ دەگیرێت، پێ ناچێت هەڵبژاردن بەبێ پارتی ئەنجام بدێت، هەر ئێستا دەنگ بڵاوە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای کردووە هەوڵ بدرێت هەڵبژاردنەکە دوابخرێت، نەتەوە یەکگرتتوکانێش هەر لە هەوڵی ئەوە دایە پارتی بێتەوە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن ،حاڵی حازر پارتیش، مەرجەکانی کەم کردووەتەوەو، تەنها ئەوە دەڵێ کە بەدیزاینی پێشوەختە ڕازی نییە و بەشدار ئەبێت ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەڕێی ڕێکخراوە کانیەوە چاودێر بێت. کورت و پوخت پارتی لە ئێرانیش دەترسێ کە بە قازانجی یەکێتی دەستێوەردان بکات، هاوکات نەک هێزگەلێکی بەرهەڵستکار، بەڵکو تاکە لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێزو یەکلاکەرەوە لە مەیدانەکەدا نییە، دەشێ وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا زۆرێک لە هەوڵی هێنانەوەی پارتی دابن، جا لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتانی زلهێزی وەک ئەمریکاوە بێ یا نەتەوە یەکگرتووەکان یا هەندێ لایەن و بەرپرسی عێراقی یاخود دەوڵەتانی دراوسێ، بەڵام ئایا بۆ پاشگەزبوونەوەی پارتی چی دەکرێت، کام هەنگاوانە ئیعتبار بۆ بڕیارەکەی پارتی دەگێڕنەوە، ئایا وەک هەندێک دەڵێن، ئەم بڕیارە وەک ڕیفراندۆمەکەی کوردستانە و دواتر شکست دێنێت، یاخود تەنها هەوڵێکە بۆ زیاتر مسۆگەرکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی خۆی، هێدەی نەماوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، بەڵام هێندە دەڵێم مادام خەباتی خەڵکی نارازی و ستەملێکراو بەرچاو ڕۆشن و یەکگرتوو بەهێز نییە، ڕکابەرێکی ڕاستەقینە کە نوێنەری ئامانجە دوورونزیکەکانی خەڵک کات لە ئارادا نییە، نەک پارتی بەڵکو زۆرێک لە م لایەنانە، تەنانەت پاشکۆکانیشیان واز لە عەرشی دەسەڵات ناهێنن، هەڵبژاردنیش بکرێت یا نەکرێت..

**بۆپێشەوە: لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە، کە لە لایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی هەژموونی سیاسی و بڕیار بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا دەسەپێنێت، لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێم هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بەغدا نییە، چ ڕێگاو ئەڵتەرناتیڤێک پێویستە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** بەڕای من، تا ئەم بارودۆخە ئاوا گرژو ناجێگیر بێت، تاململانێی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و ئێران بەردەوام بێ، تا ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش بەخۆی و چالاکیەکانیەوە لە نزیک و دوور مایەی هەڕەشەبێ، تا دۆستێکی بەهێزو بەمتمانەتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دێتە گۆڕێ.... ئەم قەوارەیەی کوردستانیش ئەگەر بە لاوازیش بێ دەمێنێتەوە... لەنێو ناوەندی دەسەڵاتیشدا بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز گەلێک هەیە ناخوازی بارودۆخەکە زیاتر گرژتر بێ، دەوڵەتانی تری وەک ئێران و تورکیاش ڕۆڵیان لە پشتگیری ئەم لایەنە کوردیانەدا هەیە، بەتایبەت کە هەریەک لەم لایەنانە بۆ خۆیان گرێدراوی سیاسەتی دەوڵەتێکن، خۆ ئەگەر ناکۆکی و نەسازانیش هەبێ ئەوا کاتیەو دواتر ڕێکدەکەونەوە.

سەبارەت بە خەڵکی کوردستان و لایەن و ڕێکخراو و هەڵسوڕاوە ئازادیخوازەکانی، زۆر پێویستە بە هیچ لایەک خۆشخەیاڵ نەبن، ئەگەر ماف و داواکارییەکی ڕەواش بەدەست هات، بەبەرهەمی ڕەوای هەوڵ و تێکۆشانی خۆیانی بزانن و وەک دیاری و بەخشیشی دەسەڵاتداران نەیبینن و دوژمنانی دێرین و نوێیان بەبەخشندەو میهرەبان نەناسێنن و بەهەر ڕێگاو شێوازی خەباتێک بۆیان بکرێ لە پێشێلکردنی مافەکانیان خۆش نەبن و تێکۆشانی بەردەوام یەکگرتوو بۆ بەدەسهێنانیان بکەن و پشتگیری و کۆمەک تەنها بەو لاو لایەنە بکەن کە لە ئێستاو داهاتوودا لە پێناو ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی دا تێدەکۆشێ ...

**دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراقدا، لە ڕاستی دا، دەسەڵاتی لایەنە سیاسیە تایفیەکان و خاوەن میلیشیاکانی سەربە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەوەی کە هەندێ کەس، وەك سەرۆك کۆمارو سەرۆك حکومەت و هەندێ وەزیر و گزیرو ئەندام پەرلەمانی لەمانە جیا بەشدارن لەم دەسەڵاتدارێتیەدا، ئەمە زیاتر هەر شێوەو ڕواڵەتەو کاریگەریان لەسەر حوکمڕانی دەسەڵاتی ناوەندی ڕاستەقینەی سەر بە ئێران دانانێت...**

**تا ئەم بارودۆخە ئاوا گرژو ناجێگیر بێت، تاململانێی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و ئێران بەردەوام بێ، تا ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش بەخۆی و چالاکیەکانیەوە لە نزیك و دوور مایەی هەڕەشەبێ، تا دۆستێکی بەهێزو بەمتمانەتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دێتە گۆڕێ.... ئەم قەوارەیەی کوردستانیش ئەگەر بە لاوازیش بێ دەمێنێتەوە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار حەمە شەریف، وریای رەسام، عەلی محەمەد ئەمین، خالید بایەزیدی، بەندی عەلی، کاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود, نەجمەدین فارس، شەمال بارەوانی، توانا حەمە نوری، هاوڕێ نەهرۆ

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت

بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر

هەرێم و ئایندی سیاسی کوردستان"...

# سالار عەزیز وحاجی ئەحمەدی پاڕەزان



حاجی ئەحمەدی پاڕەزان کەسایەتیەکی چاونەترس وقسە لەڕوو بوو، کوڕێکی بەناوی هاوڕێ وە کە کادری کۆمەڵەبوولە ساڵەکانی ٨٤ دا لەسێدارە درا. لە ساڵی ٨٠ کاندا سالار عەزیز بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە ماڵەکەی لە گوندی پاڕەزان بوو لە شاربازێڕ، بەحوکمی دەسەڵاتەکەی لەناو یەکێتی دا وەکو مڵەیەك ببوو بە بار بەسەر ژیانی خەڵکی گوندەکەوەو هەمیشە زەختێکی زۆری بەسەر ئەو شۆفێرانەوە بوو کە هاتوچۆی گوندەکەیان دەکرد بۆ ناردنی نامەوهێنان وبردنی خزمەکانی و خزمەتگوزاریی و فەنتازیاکانی کاکی پێشمەرگە، دەتوانیت بڵێیت بە ناوی خەباتی شاخەوە ژێر دار گوێزەکان و باخەکانی پاڕەزان ببوو بە ئەرزی موحەڕڕەمە لە خاوەنەکانیان، بەڵام بۆ سالار ببوو بە سەیرانگەی کەیف وسەفا وجەوی مەی خواردنەوەو گۆشت برژاندن بۆ خۆیی وکەس وکارەکەی، ئەو هەمیشە عەزابێك بوو بۆ ئەو خەڵکە هەژارانەی بە کولەمەرگی سفرەیان ڕا ئەخست.

ڕۆژگار گۆڕا وچەرخی زەمانە سالار عەزیزی کرد بە پارێزگاری شاری سولێمانی و حاجی ئەحمەدیشی کردبوو بە پاکەت فرۆشێکی دەستگێڕ! سالار عزیزی پارێزگار ڕۆژانە بەناوی ئەرزەی بەلەدیەوە دائەبەزیە ناوبازاڕ بۆ دەرکردن و ڕاونان و سوکایەتی بە دەسگێڕەکانی بازاڕو شەق هەڵدان لە عەرەبانەکان، ئەو دەستفرۆشانەشی هەراسان کردبوو کە لەسەر مقەبایەك بۆ پەیدا کردنی بژێوی خێزانەکانیان لەدەوری شۆستەکاندا بوون، ڕۆژێك سالار دائەبەزێ بۆ ڕاونانی دەسگێڕەکانی لای مزگەوتی گەورە، حاجی ئەحمەد ئەبینێ تەختەیەکی بە سنگییەوە هەڵواسیوەو جگەرە ئەفرۆشێ، ئەو لە نزیکەوە حاجی ئەحمەدی ئەناسی، بەڵام زۆر بێشەرمانە پێی ئەڵێ ئەم شوێنەی تۆی تیای وەستاوی ئەرزی بەلەدیەیە و ئەبێ بڕۆی، حاجی ئەحمەدیش کاتێ ئەمە دەبیستێ زۆر مەردانە لەبەرچاوی ئەوخەڵکەدا ئەڵێ سالار من سنوقە جگەرەکەم لەسەرکێرم!! داناوە، چەند ساڵە نەمزانیوە کێرم موڵکی بەلەدیەیە.

کاوان قادر

لە زمانی دەستفرۆشێکی شایەتحاڵ




بەرهەمی

نوێی

هونەرمەند

وریای ڕەسام

## دوا وتە

# ئەنفال

ئەم ڕۆژانە سی و پینج ساڵ بەسەر شاڵاوەکانی ئەنفالدا تێدەپەرێت. سی پینج ساڵ بەسەر گەورەترین کۆمەڵکوژی ئاشکرا و بێدەنگەی دنیای بەناو دیموکراسیدا دەگوزەرێت، کە بەدەیان هەزار ئینسان، لەگەورەو بچوک، ژن و منداڵ، لاو پەکەوتە، بەکۆمەڵ بەرەو دۆزەخ بران و بەکۆمەڵیش ژێر خاکی لمینی و دەشتاییەکانی ناوەراست و خواروی عێراق کران... بێگومان سەدام حسێن و ڕژێمی درندەی بەعس، تاوانکاری سەرەکی ئەم کارەساتە جەرگبرە کەم وێنەیەی دنیای هاوچەرخن، بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ ئەو ئاکامەی لێ وەربگیرێت کە لایەنەکانی تری بەشدار لەو کارەساتەدا، نادیدە بگیرێن.

تاوانی ئەنفال، وەکو کۆمەڵکوژی هەڵەبجە و بۆمبابارانی قەڵادزێ ... نەک هەر رۆڵی حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستانی تیایە، بەڵکو لە بنەرەتەوە کارەساتی هەڵەبجەو شالاوەکانی ئەنفال و سوتماککردنی دەیان و هەزاران دێهات و تەنانەت راگوستن و لەگەڵ زەوی تەختکردنی چەندین شارو شارۆچکە لەچوارچێوەی جەنگ و ململانێی رژێمی بەعس و بزوتنەوەی ناسیونالیستی شاخی کوردیدا رووی داوە.

کارەساتی دڵهەژێن و مەرگەساتی بەکۆمەڵی دەیان هەزار ئینسان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، وەیشومەی مەرگێکی بەکۆمەڵە، و هەڵگری خەرمانەیەک لێکەوتەی نەخوازراوە، کە هەرگیز لەبیر کەس و کارو ئازیزانیان، و بیری خەڵکی کوردستان و دنیای ویژدان زیندو ناچێتەوە.

ئەوەی ئەو کارەساتە جەگبڕە، و کاریگەرییەکانی لە کەس و کارو ئازیزانی ئەو قوربانیانەو خەڵکی کوردستان جیانابێتەوە... هەر ئەوە نییە کە سەدام حسێنی سەرە تاوانکار، بەر لە داننان بەو تاوانەو چۆنیەتی ئەنجامدان و کاراکتەرە بەشداربووەکانی، وە وەرگرتنی سزای تاوانکارانەیان، لە گەمەیەکی سیاسی و تۆڵەسەندنەوەی تایفیدا، نهینیەکانی لەگەڵ خۆی برد، بەڵکو هاوکات دوای سی پینج ساڵ، کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال، لە ژیانێکی بێ ئەندازە نەخوازراودان... هاوکات دوای سی پینج ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەموو خزمەتیان بە کەس وکاری ئەو قوربانیانە، بۆتە مەراسیم و بۆنەی سیاسی ساڵانە و ڤیستیڤاڵ سازکردن، بۆتە دۆسیەی کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆتە سەردانی پاڵیوراوە حزبیەکان بۆ سایە زاڵکردنی دەسەڵاتیان بەسەر قوربانیانی کارەساتە جەرگبرەکان و خەڵکی کوردستاندا...

سی وپێنج ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێدەپەرێت، کەچی هێشتا، ژمارەی دروستی قوربانیانی ئەو کارەساتە، نادیارە، هێشتا روون نییە لەو قوربانیانە چەندیان و ژن و چەندیان پیاو و منالن، لەهەر ناوچەو گوندو دیهاتیکدا چەند کەس راپێچێ مەرگ کراون... لەوانەش کارەساتر ئەوەیە هەر ئەو حزبانەی کە فرمێسکی تیمساحی بۆ قوربانیانی خەڵکی کوردستان و ئەنفال هەڵدەرێژن، وە کەیسی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانیان، کردۆتە دۆسیەی

بۆ لاپەڕە 14